# پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


سەرپەرشتیاری پرۆژە

ئەنوەر حسێن (بازگر)

ستافی پرۆژە:

د.لوقمان ڕەئوف - سابیر عەبدوڵڵا - سەروەت تۆفیق - ئارام مەحمود

باوان عومەر - سەرهەنگ عەبدولڕەحمان - زریان محەمەد



2015

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە تۆماس مۆر

لە فارسییەوە
وریا غەفووری
ئەرسەلان حەسەن

2015

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنوەر حسێن

له فارسییەوە: وریا غەفووری - ئەرسەلان حەسەن
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین:ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2015
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea

له بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (60)

# بونیاتی مەعریفە لە فەرهەنگی یۆتۆپیای تۆماس مۆر

## پوختە

یوتۆپیا گەرایی ریشەی لەکەماڵی مرۆڤدایە. زۆربەی بیرمەندان بە درێژایی مێژوو لە ڕەهەندی جیاوازەوە سەیری کۆمەڵگای خۆیان کردووە و هەندێک یوتۆپیایان نوسیوە. لەناو ئەمانەدا «یوتۆپیا»ی تۆماس مۆر بە هۆی گشتگیرییەکەی ناوبانگێکی زۆری دەرکردووە، گرنگترین یوتۆپیایە لە قۆناغی ریٚنیسانسەوە. بەو هۆیەی کە بڕوا و مەعریفە جەوهەری سەرەکی فەرهەنگن، بونیاتی مەعریفەی یوتۆپیای مۆر بۆ دەربڕینی خۆی پشت بە هیومانیزم، پلۆڕالیزم، عەقڵ ئامێری، زانست تەوەری و دادتەوەری دەبەستێت.

## پێشەکی

تۆماس مۆر (1478ـ1535) بیرمەندێکی ئینگلیزی کاسۆلیکە، لە قوناغی ریٚنیسانس و هیومانیزمی مەسیحییەتدا، کە هەندێک کەس ئەو دەخەنە ریزی گەورەترین کەسایەتییەکانی کۆمۆنیزمەوە (کەنی، 1374: 1). ئێراسمۆس یەکێک لە ریبەرانی تەوژمی ریٚنیسانس ناوی «پیاوی چوار وەرز»ی لێدەنێت و سەبارەت بەو وتوویەتی: دەروونی لە هەموو بەفرەکان خاوێنتر بوو ئەوەندە لێهاتوو بوو، کە بەریتانیا هەرگیز وەک ئەوی بەخۆوە نەدیبوو و نە دەشبینێت. کڵێسای کاسۆلیکی لە ریزی پیرۆزەکاندا (قدیس) داناوە (مۆر، 1361: 15)

مۆر بە واتا تایبەتییەکەی فەیلەسوف نەبوو، بەڵام فەلسەفەی دەزانی و لێی بێ بەهرە نەبوو. ئەدەبیات و فەلسەفەی یۆنانی خوێندبۆوە و لە گفتوگۆیەکدا پارێزگاری لە کۆماری ئەفلاتۆن کردبوو. ناوبانگەکەی زیاتر بەهۆی نوسینی «یوتۆپیا»وە دەرکرد و سیاسەتمەدارەکان پێشوازییەکی گەرمیان لێکرد، بووە هۆی ئەوەی ناوی مۆر بخرێتە رێزی قارەمانەکانی شۆڕش، کە لە لەوحێکدا لە مەیدانی سووری مۆسکۆ هەڵواسرابوو (کەنی). کتێبی یوتۆپیا لە بەشی یەکەمیدا باس لە هەلومەرجی ئاڵۆزکاوی ئەو سەردەمەی بەریتانیا دەکات. ئەو بەشە دوای نوسینی بەشی دووەم نوسراوە، بەڵام بە هۆی لایەنی بابەت و بەهای مێژوویی و کۆمەڵناسانەی هەیە، لە بواری لۆژیکییەوە لە پێش بەشی یەکەمەوە دێت (رووبون، 1385: 45).

مۆر لە بەشی دووەمی کتێبەکەدا، یوتۆپیاکەی خۆی پێناسە دەکات و لەوێشدا رەخنە لە کۆمەڵگای خۆی دەگرێت. هەربۆیەش بۆ دوورکەوتنەوە لە دواهاتەکانی ئەم هەموو رەخنەگرتنە لە کۆمەڵگا، زمانی گاڵتەجاڕ (تەنز) بەکار دێنێت (زەڕین کووب، 1375: 238). یوتۆپیا دوورگەیەکی هیلالییە کە لە سەردەستی یوتۆپۆشی پاشای ئەو وڵاتە بونیات نراوە.

ئەم وڵاتە، سروشت بە سوودی مرۆڤ دەگۆڕێت، دانیشتوانی لادێیی و ناپێشکەوتووی ئەو وڵاتە بە شارستانی دەکات. گێڕەرەوەی یوتۆپیا، پیاوێکی گەشتیارە بە ناوی هیلۆدی بە واتای (فرەوێژ)، کە لەگەڵ هاوڕێکانی دەچنە بینینی دوورگە و شارە مەزنەکەی ئامانۆرت بە واتای خەیاڵی و نادیار (مۆر، 1361: 29). ئەم شارە لە بواری کۆمەڵناسی، ئابووری، سیاسی و کەلتوری خاوەن تایبەتمەندی بژاردە، کە دەتوانێت وەڵامدەری ئامانج و ئارەزووەکانی مرۆڤ بێت.

گرنگی یوتۆپیای مۆر لە ئاستێکدایە کە لە سەدەی شانزە بەملاوە وەرگێڕدراوەتە سەر زۆربەی زمانە ئەورووپییەکان، بووەتە هەوێنی گەلێک ئاخاوتن کە لە شارستانییەتی ئەوروپیدا گەلاڵە کراوە (موسکاوبوتو، 1370: 164ـ163). بێگومان بیرکردنەوەی یوتۆپیایی، هۆکارێکی گرنگە لە دەرکەوتن و هزری پێشکەوتنی رۆژئاوای نوێدا (نەسر، 1382: 250). ئەم بیرۆکەیە زۆربـەی جار دەربـڕی هزرێکی سیاسی و کۆمەڵناسی بووە، کە شەوق و هەوڵی مرۆڤی لە پێناو چاکسازی کۆمەڵگاکاندا وروژانـدووە. مرۆڤی سەردەمی نوێ لەگەڵ بینینی قەیرانە هاوچەرخەکان رووی لە خولْقاندنی ئایدیای ئارمانی کردووە و خوازیاری دونیایەکی نمونەییە.

هزری یوتۆپیزم لە هەوڵی ئەوەدایە وەڵامی ئەم تینوێتییەی مرۆڤ بداتەوە، بەڵام لەم پێناوەدا هەندێک کەموکورتی روبەڕووی بووەتەوە، کە بووەتە «ئانتی یوتۆپیا». هەندێک بیرمەندی کۆمەڵایەتی، باسکردنی یوتۆپیا وەک خەیاڵکردن و خەونگەرایی دەبینن، کە هەم کارێکی بێهودە و بەتاڵە و هەم زیانبەخش. کارل پۆپەر پێیوایە ئەم شێوە گەلاڵە (کەسنەناس) (ناکجائاباد)یانە جگە لەوەی هەرگیز بەو شێوەیەی کە وێنا دەکرێن، ناکەونە بواری جێبەجێکردنەوە، بەڵکو دەرەنجام واقیعبین و بوونی مرۆڤ کەم دەکەنەوە، لەم خاڵە گرنگە خافڵیان دەکەن کە بەگشتی هیچ کردەیەکی کۆمەڵایەتی، ئەنجام چاوەڕوانکراو و خوازراوی لێناکەوێتەوە )پۆپەر، 1379: ج2، 119(.

1. چەمکناسی

وشەکانی «یوتۆپیا» و «فەرهەنگ» گرنگترین وشە سەرەکییەکانی ئەم بابەتەن، بۆیە پێناسەکردنی ئەم چەمکانە پێویستە:

## 1ـ1. یوتۆپیا

وشەی یۆنانی یوتۆپیا، دروستکراوێک لە پێشگری نەرێنی «ou» بە واتای «نا» و «topos» بە واتای «شوێن»ـە و دەکرێ وەربگێڕدرێتەوە بۆ «شوێنێک کە نییە»، «کەسنەزان»، «کەس نەناس» و «شاری چاکان». تۆماس مۆر پێشگری «eu» بە واتای «چاک» لە شوێنی «ou» دادەنێت و لەم رووەوە بەڕای ئەو وشەکە بە واتای «شوێنی چاک نەبوو» دێت (ئێمێرسۆن، 1387: 41). ئەمڕۆکە لە زمانە ئەوروپییەکاندا «لەفت»ی (utopique) یان «یۆتۆپیک» بۆ هەموو ئەو شتانەی خەیاڵین و دەستڕاگەیشتن پێیان ئەستەمە، بەکار دەهێنرێت. دەستەواژەی یوتۆپیا، واتایەکی هەڵپەسێردراوی هەیە، کە هەندێک جار بۆ واتا دژیەکەکان بەکار دەهێنرێت؛ هەندێک جار وێناکردنی سیستمە کۆمەڵایەتییە باش دەستڕاگەیشتووەکان، هەندێک جاریش خەیاڵێک لە ئاستی خوازراو و دەستپێڕانەگەیشتوو و خەیاڵ بۆ سەر راستی دەرەکییە (مانهایم، 1380: 257).

## 1ـ2. فەرهەنگ

وشەی فەرهەنگ لە وشە و چەمکەکانی زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆییەکانە کە سەرەڕای زۆر بەکارهێنانی، یەکانگیربوونێک لەسەر پێناسەی نییە. تا ئێستا زیاتر لە 270 پێناسە بۆ فەرهەنگ کراوە (ئەبولقاسمی، 1384: 18). وا دەردەکەوێت کە هەرکام لە خاوەنڕاکان بە لەبەرچاوگرتنی سنوور، پانتایی و ئاستی ئامادەبوونی فەرهەنگ لە پانتا کۆمەڵایەتی ماددی و مینۆکییەکانی مرۆیی پێناسە و خوێندنەوەیەکی تایبەتیان لە فەرهەنگ بەدەستەوە داوە.

وشەی فەرهەنگ لە فارسیدا بە واتای «هەڵکێشانە سەر» و

«بەرزکردنەوە»یە (دێهخودا، 1341: ج3، 227) ، هەروەها لەگەڵ وشەگەلی وەک پەروەردە و ڕاهێنان، زانست و مەعریفە، عەقڵ و حیکمەت، هونەر و ... بە هاوواتا زانراوە (عەمید، بی‌تا: ج2، 776). وا دەردەکەوێت ئەم وشانە بەشەکانی پێکهێنەری فەرهەنگ بن، کە بیرمەندانی هەرکامە و بە جەختکردنەوە لە یەکێک لەم توخمانە، فەرهەنگیان پێناسە کردووە (کاشفی، 1384: 23).

وشەی فەرهەنگ لە زمانی لاتیندا بە واتای «ڕاهێنان» دێت. ئەم وشەیە یەکەمجار لە سەدەی یازدە لە ئەوروپا داهێنرا و لە دوو مانادا بەکار هێنرا: یەکەم؛ ڕێوڕەسمی ئایینی و ئەویدی؛ کشت‌وکاڵ (پەهلەوان، 1378: 3ـ4). فەرهەنگ کۆمەڵێک لە شێوازەکانی ژیانی مرۆییە، کە بۆ پەروەردە و راهێنان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی دەگوازرێتەوە (موحەممەدی، 1377: 21).

1. چەمکی فەرهەنگ بە شێوازی جۆراوجۆر پێناسە کراوە: 1) کۆمەڵێک تێکچڕژاوی برییتیە لە مەعریفە، بڕوا، هونەر، یاسا، ئەخلاق، ڕێوڕەسم و سەرجەم توانست و خووگەلێک کە لەسەر دەستی مرۆڤ، وەک ئەندامێکی کۆمەڵگا وەردەگیردرێت (تەیلۆر: 1871، ...) 2) فەرهەنگ کۆمەڵێکی چۆنایەتی برییتیە لە نرخەکانی بەرهەمهێنراوە هونەری ئایینی فەلسەفی و وێناکردنە هزری، زەوقی و سۆزدارییەکان کە گرەنتی ژیانی کۆمەڵگا مرۆییەکان و شارستانی مرۆییە (پەهلەوان، 1378: 73). 3) فەرهەنگ کۆمەڵێک لە شێوازەکانی ژیانی مرۆییە، کە بۆ پەروەردە و ڕاهێنان لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی دی دەگوازرێتەوە (موحەممەدی، 1377: 21). 4) فەرهەنگ برییتیە لەو هزر و بیرانەی کە ئەندامەکانی گرووپێکی دیاریکراو هەیانە، ئەو نۆرمگەلەی کە پابەند دەبن پێی و ئەو

کاڵا ماددییانە بەرهەمی دەهێنن.

لەم پێناسەدا بەهاکان بە واتای ئامانجی زەینی دێن. ئەمە لە کاتێکدایە کە نۆرمەکان پرەنسیپ و بنەماگەلێکی دیاریکراون، کە چاوەڕوان دەکرێت خەڵک لە بەرچاوی بگرن. نۆرمەکان «دەبێ» و «نابێ»کانی ناو ژیانی کۆمەڵایەتی دیاری دەکەن (گیدێنـز، 1373: 36).

2.مێژووی بیرکردنەوەی یوتۆپیایی

بە درێژایی مێژوو، هەرگیز مرۆڤ بیرئاوەڵا نەبووە لە هزر و خەونی ژیان، بەردەوام چاوی بەدوای داهاتوویەکی باشتر و ڕێکوپێکترەوەیە. وێناکردنی دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئارمانی، هەمیشە گەلێک لە بیرمەندانی جیهانی بەلای خویدا راکێشاوە و هەرکامە لە رێچکەیەکی تایبەتەوە، شاری چاکانی خۆیان کێشاوەتەوە. ئەم گۆشەنیگایانە، زیاتر لەژێر کاریگەری شێوە تایبەتەکانی ئاڵۆزی لە کۆمەڵگاکانی خۆیاندا و تێڕوانینی تایبەتی ئەوان بۆ ناوەندی قورسایی کێشەکانە.

لە نێوان کۆنترین داهێنەرانی «شاری چاکان»دا ئەفلاتۆن ناوبانگێکی شایانی (I)یەکە. ئەو لە سەرانسەر نامیلکەی کۆمار و لە هەندێک بەشی نامیلکەی تیمائۆس و کریتیاسدا، گەڵاڵەی شاری چاکان دەخاتەڕوو. توخمی سەرەکی ئەم کۆمەڵگا ئارمانییە، دەوڵەمەندی سیاسی و بەختەوەری مرۆڤی، تەوەر و ئامانجی کۆمەڵگای سیاسییە. لەم شاری چاکانەدا، دەسەڵات بە دەستی فەیلەسووفەکانەوەیە و چینی دەسەڵاتدار خاوەن فەزیلەتتر و لە واتایەکدا سەرترەکانی کۆمەڵگان، کە بۆ بەڕێوەبردنی باشتری کۆمەڵگا، لە سیستمێکی هاوبەشدا بەسەر دەبەن و هەر لە سەرەتاوە لەژێر چاودێری تایبەتدان. یوتۆپیای ئەفلاتۆن مەتەڵێکی سیاسی ـ فەلسەفییە، کە پێدەچێت

هەرگیز جێبەجێ نەبێت و تەنانەت جێبەجێبوونیشی گرنگییەکی ئەوتۆی نەبێت: گرنگ نییە کە حکومەتێکی لەم چەشنە لە واقیعدا دروست دەکرێت یان لە داهاتوودا شتی وا دەبێت یان نا، ... گرنگ ئەوەیە کە پیاوی ژیر، تەنیا پابەندی یاسا و رێسای حکومەتێکی ئاوەها دەبێت (ئەفلاتۆن، 1374: ج5، 584). لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بە هۆی دژایەتی کڵێسا لەگەڵ بیرکردنەوەی یۆتۆپیایی، شاری چاکانی زۆر سنووردار وێناکران. وەک یەکێک لە گرنگترین یوتۆپیاکانی مەسیحییەت دەکرێت «شاری خودا»ی ئاگۆستین بە نمونە بهێنینەوە، کە کێشە ئەخلاقییەکانی مرۆڤ دەکاتە رۆژەڤ و رێگەچارەکانیان بە لەبەرچاوگرتنی ئامۆژە مەسیحییەکان نیشاندەدات. ئەوەی کە ئەفلاتۆن ناوی لێدەنێت «شاری چاکان» لە لای بیرمەندانی مەسیحییەت ناوی «شاری خودا»ی لێدەنرێت (داوەری ئەردەکانی، 1379: 34).

پاش سەدەکانی ناوەڕاست و لەگەڵ رزگاربوونی مرۆڤ لە زنجیری کڵێسا و سەردەمی رێنیسانس، شاری خەونەکان کەوتنە ژێر کاریگەری قۆناغی مۆدێرن و لایەنە خەیاڵی و ئاسمانییەکانی کەمتر بووەوە. ئەو مرۆڤەی کە سەدەکان پێشێلکراوی دۆگما ئایینییەکان بوو، لە هزری مودێرندا، بووە تەوەر. لەم رووەوە خوێندنەوەی نوێ لە یوتوپیا کرا کە تێیدا، مرۆڤ بووە بازنە تەوەری راستی. هەر لەم قۆناغەدایە کە فەیلەسوفی وەک ئۆگۆست کۆنت و دەروونناسی وەک ئەریک فرۆم پشت بە ئایینی مرۆڤتەوەر دەبەستن و ئایینە خوداتەوەرەکان بە ئایینی تۆتالیتەر لە قەڵەم دەدەن (؟؟؟؟، 1374: 61؛ فرۆم، 1388: 49).

رەوتی ئەم ئەندێشەیە کاریگەرییەکی گرنگی لەسەر کێشانەوەی شاری خەونەکان دادەنێت؛ یەکەم دەرکەوتەکانی مرۆڤتەوەر لەناو شاری خەونەکاندا، «یوتۆپیا»ی مۆر و «ئەتلانتیسی نوێ»ی فرانسیس بیکۆنە.

لە ئاتلانتیسی نوێدا «شاری خودا» دەبێتە «شاری زانست» و کەشف و داهێنانەکانی مرۆڤ وەک ڕێگەی ڕزگاری مرۆڤ لە قەڵەم» دەدرێت (جەهانگیری، 1376: 69).

بۆسەدەی نۆزدە دەبێ ئاماژە بدەینە یوتۆپیا سۆشیالیستەکانی وەک (شارل فوریە و سەن سیمۆن). ئەم یوتوپیانە لەژێر کاریگەری شۆڕشی پیشەسازی ئەوروپا و بە مەبەستی باشتربوونی دۆخی چینە بێبەشەکانی کۆمەڵگا، بە تایبەت کرێکاراندا، بچمڕێژ بوون.

بەو هۆیەی کە ئەم گەڵاڵانە خاوەن تایبەتمەندی پێویست و تەواو بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئاڵۆزی و قەیرانەکانی شۆڕشی پیشەسازی نەبوون، دەکرێ داهێنەرەکانیان بەو وەبەرهێنەرانە بچوێنێت، کە لە یەکەم ئەزموونەکانی کاری وەبەرهێناندا، دەیانەوێت تاوەرێکی سەد نهۆمی لەسەر تەپۆڵکەیەک خۆڵ بونیاد بنێن، هەر بەم هۆیەشەوە لە مێژووی هزر و ئەندێشەدا بە ناوی سۆسیالیستە خەیاڵییەکان ناویان دەرکردووە. گرنگترین تایبەتمەندی ئەو ئەندێشەیە

دژایەتی لەگەڵ سیستمی سەرمایەداری و سیستمی ئابووری ئازاد، بوو (قەدیری ئەسڵ، 1364: 128).

دوای سۆسیالیستە خەیاڵییەکان، کەسانی وەک مارکس و ئەنگڵس بە نوسینی سۆسیالیزمی زانستی، یوتۆپیایەکیان گەڵاڵە کردووە، کە زەمینەتر دیارە و توانیوەتی لە پانتای بڕوا و بەهاکانی کۆمەڵگا ئەورووپی و نائەورووپییەکانی سەدەکانی 19 و 20 کاریگەری دابنێت. لە سەدەی بیستدا هێدی هێدی یوتۆپیا بوو بە دژی خۆی و هەندێک یوتۆپیا لەلایەنی دژبەردا نوسراون، کە زیاتر ناویان لێنرا دیستۆپیا یانی دژەیوتۆپیا.

لە قۆناغی پۆست مودێرندا هێدی هێدی گەڵاڵە یوتۆپیاییەکان بوونە

تراویلکە و دەرەنجامی شکستی ئەندێشەی ئۆتۆپیستی لێکەوتەوە. ئەو بیرۆکانەی کەسانی وەک فۆکۆیاما، ئافلەر و هانتینگتۆن بۆپێشبینی داهاتووی جیهان گەڵاڵەیان کردووە، نەک هەر مرۆڤ بانگهێشتی کۆتایی مێژوویەکی پڕ لە خۆشگوزەرانی، ئاشتی و ئاسوودەیی ناکات، بەڵکوو مژدەهێنی شەڕ و پێکدادان و زاڵبوونی کۆتایی لیبڕالیزمە. (جمعی از نویسندگان، 1381: 320ـ350). هەڵبەت بیرمەندانی ئۆتۆپیست بەگشتی بڕوایان بە ژیانی بوونی یوتۆپیا نەبووە، بەڵام لەگەڵ ئەم ڕەوتی ئەندێشەیە، بیرکردنەوە لە یوتۆپیا خراوەتە پەراوێزەوە و ئاستی برەوی لە کۆمەڵگا ئەوروپییەکاندا کەم بووەتەوە.

3. بونیادی مەعریفی یوتۆپیای مۆر

هەروەک باسکرا؛ فەرهەنگ توخمی جیاوازی هەیە و گرنگترین توخمیشی «مەعیرفەیە»

3ـ1. هیومانیزم و عەقڵ ئامێری

دوای ڕێنیسانس و لەگەڵ داڕووخـانـی بنەماکانی فەلسەفەی مەسیحییەت، چوارچێوەی هزری بیرکردنەوەی یوتۆپیای دابەزییە ئاستی عەقڵ ئامێری. خوێندنەوەی ئامێری بۆ عەقڵ، عەقڵی تا ئاستی هێزێک دابەزاند کە یارمەتی ئێمە دەدات بۆهەڵبژاردنی ئامانجی تایبەت بۆ دروستکردنی ئامێری سوودمەند بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان یارمەتی دەدات.

بە واتایەکی دی؛ عەقڵانییەت پێداچوونەوەی ئەو ئامێرانەیە کە ئێمە دەگەیەنێتە ئامانج (foley، 1988: 131). هەڵوێستی سەرەکی عەقڵانییەت ئامێری، زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر سروشتدایە و ئەو کردە و ڕەفتارانەی کە

رووی لە ئامانجە دونیاییەکانە، ڕێکدەخات. ئەم عەقڵە زیاتر دەوری کردەیی و بەکارهێنانی هەیە و خاوەن تایبەتمەندی وەک سەلمێنکاری، پێشبینی و بەکارهاتوویيە و تاکە ئامێرە بۆ دابینکردنی ویستە کردەوەییەکانی مرۆڤ.

هیومانیزم و مرۆڤتەوەری ڕەهەندی گرنگی عەقڵانییەت ئامێرین. مرۆڤتەوەری بە واتای بەرجەستەبوونی ویستە دەروونییەکان، مرۆڤی دابڕاو لە جیهانی میتافیزیک و خواوەند و ڕەسەنایەتی مرۆڤ بە بێ خولقێنەر و خواوەندە (مەدەدپوور، 1375: 129ـ130). مرۆڤ سەردەمی مۆدێرنیتە لەژێر کاریگەری هیومانیزمدا، هەمووشتێک بە پێوان و پێوەری مرۆیی هەڵدەسەنگێنێت و لە هەموو کاروبارە پیرۆزەکان، پاک و بەری دەکات:

لە قۆناغی ڕێنیسانسدا وشەیەک ڕێزی لێگیرابوو. خاوەن ئیعتیبار و هەر لە سەرەتاوە سەرجەم بەرنامەی شارستانی مۆدێرنی لە خۆیدا کورت و پوختە کردەوە. ئەم وشەیە هیومانیزم بوو. لە ڕاستیدا مەبەست لەم وشەیە ئەوە بوو، کە هەمووشتێک بە پێوان و پێوەرە مرۆییەکان سنوردار بکەن، هەرچەشنە ڕێباز و ڕەچەڵەکێک کە خاوەن لایەنی مینۆکی و ئاسمانی بوو، کرایە شێوەیەکی خەیاڵی و تەنیا. تەنانەت دەکرێ بگوترێ مەبەست لەمە ئەوەبوو، کە بە بیانووی زاڵبوون بەسەر زەویدا، ڕوویان لە ئاسمان هەڵبگەڕێننەوە (گنون، 1372: 18ـ19).

تۆماس مۆر، هیومانیستێکی مەسیحییە و لە یوتۆپیاکەیدا بە شوێن ئەوەوەیە، کە مرۆڤ لە شوێن خواوەند دابنێت. یوتۆپیاکەی دەخاتە خزمەت مرۆڤێکەوە کە سەرجەم هاتوچۆکانی ژیانی دونیا بە دەوری ئەودا دەسووڕێنەوە (گودن، 1384: 30). مۆر هەوڵدەدات تاوەکوو بە گەڵاڵەکردنی ئامانجێک، ڕەوشی ئێستا ڕەت بکاتەوە و بەهەشتێکی زەمینی بۆ مرۆڤ وێنا بکات. لەم ڕووەوە یوتۆپیاکەی لەسەر بنەمای بونیاتنانی

دادپەروەری و ئاسایش بۆ مرۆڤ شێوەرێژ دەبێت و گرنگترین تایبەتمەندی کولتوورییەکەشی، موڵکداری گشتی، دابەشکردنی دادپەروەرانەی سامان و خانووبەرەی هاوبەش بۆ تاکەکانە )مۆر، 1361: 74.

سیستمی یاسادانانی یوتۆپیای مـۆر، پشت بە ئەمەگی مرۆڤ دەبەستێت و عەقڵی مرۆڤ تاکە یاسادانەرە (پێشوو: 110). هەرچەندە ئەو بڕوای بەخودا هەیە، بەڵام خودا لە یوتۆپیاکەیدا ئامادە نییە. لەم رووەوە بە عەقڵی خۆبونیاتی خۆی، یاسایەک دادەنێت کە لە هیچ ئایینێکدا نادۆزێتەوە و ئاماژە وەحییەکان، دان بەو یاسایانەدا نانێن.

مۆر سەبارەت بە کاتژمێرەکانی کارکردن، نیشتەجێبوون، خواردن، سەفەرکردن، ئیش و کار، هاوسەرگیری و سزادان هەندێک یاسا دادەنێت، کە بە یاسای مرۆیی دێنە ئەژمار و بنەمای مینۆکییان نییە. ئەو تا ئاستێک پشت بە عەقڵ دەبەستێت کە یاساکانی زاڵ بەسەر یۆتۆپیا وەک بنچینەی نەگۆڕ لە قەڵەم دەدرێن کە هەرگیز ناگۆڕدرێن. مرۆڤەکان دەبێ پێملی یاسای عەقڵ و سیستمی عەقڵی بن و ناچارن بە تەواوەتی پەیڕەوی لە یاسا نەگۆڕەکانی شاری خەونەکان بکەن، ئەگەر خەڵکی یوتۆپیا مرۆڤگەلی پێگەیشتوون کە بەم یاسایانە رازین، چونکە ئەم یاسایانە بۆ خۆشگوزەرانی تەواوی مرۆیی پێویستن.

2ـ3. خودا تەوەری و ئایین تەوەری

کۆمەڵگای یوتۆپیای مۆر، بە رواڵـەت مەسیحییە، کە سەرجەم مرۆڤەکان لە پەرستنی خودادا هاوڕان (پێشوو: 132) و پێیانوایە سووڕانی جیهان لە دەستی چارەنووسی خواوەندی قەهاردایە (پێشوو: 123). لەم کۆمەڵگایەدا بڕواکان و کردەوە ئایینییەکان جێی رێزن و تەنانەت ئەگەر کەسانێکیش بڕوایان پێیان نەبێت و جیاواز لەوان بیر بکەنەوە، سزایەکی

قورس چاوەڕوانی دەکاتْ و شایانی ئەوە نابێتْ کە لە یوتۆپیادا بژی، چونکە کەسێکی وەها بە ئاسانی دەتوانێتْ یاساکانی دیکەش پێشێل بکاتْ (پێشوو: 123). هەندێک لە کردەوە و بڕوا ئایینئەوەرەکانی یوتۆپیای مۆر بریتین لە:

بڕوا بە رۆح پاش مەرگی جەستە و حوزوور و ئامادەبوونی ئەم رۆحە لەنێو مرۆڤەکاندا، بە ستایش و عیبادەتدانانی بینین و تێفکرین لە سروشتدا، بە خەڵەفاو ژماردن و بە سووک زانینی ریازەتْ و گۆشەنشینی، لەو رووەوە کە دەبێتە هۆی ونکردنی رێگە، بڕوابوون بە پەرجوو وەک کردەیەکی خواوەندی و هەروەها بەرەنگاری نەکردنی راهیبەکان تەنانەتْ ئەگەر تاوانیش بکەن، چونکە وەک دیارییەکی پیرۆز، وەقفی خواوەندن (پێشوو: 130).

3ـ3. پلۆڕالیزمی

مەعریفی و ئایینی

قۆناغی رێنیسانس کاریگەرییەکی شایانی لە ئەندێشە و هزری یۆتۆپیستێکی وەک مۆر دانـاوە. کتێبی یوتۆپیا، ئاوێنەیەکە لە هزری بیرمەندانی سەردەمی رێنیسانس و ئامانجەکانیان. هاوکاتْ لەگەڵ قۆناغی «لەدایکبوونەوە» گوماناوی بوون، لە پانتایی مەعریفەدا گەیشتە لوتکە. هەڵبەتْ نمونەگەل و پێشزەمینەی هزری گوماناوی و بەگومانبوون بە شێوەی پەرشوبڵاو لە ئەندێشەی کەسانی وەک ئۆگۆستین لە سەدەکانی ناوەڕاستدا، بەدی دەکرا (مەک کواری، 1378: 113ـ114) وا دەردەکەوێتْ ئۆگۆستین یەکەم کەس بێتْ، کە بوونی شک و گومان بە هۆکاری هەبوونی مرۆڤ لە قەڵەم دەداتْ. لە سەدەی شانزەدا بە هۆی گەلێک فاکتەری وەک کورتهێنانی چەمکە ئایینییەکانی کڵێسا، ناوەرۆکی خەڵەفاو و دژەئایینی کتێبی پیرۆزی

بەلاڕێدابراو، هەڵوێستی دۆگمای خاوەنانی کڵێسا لە بەرامبەر بیرمەندان، گوماناوی و بەگومانبوون بە تایبەت لە پانتای مەعریفەی ئاییندا گەشەی ستاند. ئەراسمۆس مامۆستای تۆماس مۆر یەکێک گەورەترین کەسایەتییە دیارەکانی مەسیحییە، کە بونیاتنەری شەکاکییەت و بەگومانبوون لە پانتایی ئیلاهییات و خوداناسیدا دەناسرێت (Ibid, 450) ئەراسمۆس لەگەڵ بڕوامەندی بە ئایینی کاسۆلیکی مەسیحییەت و ڕەتکردنەوەی توانای عەقڵ بۆتێگەیشتنی کتێبی پیرۆز و تەنانەت تەواوەبوونی عەقڵ بۆتێگەیشتنی بڕوامەندی و بابەتە خوداناسییەکان، «پۆزەتیڤیزمی مەسیحییەت» بونیات دەنێت. برەو پەیداکردنی دڕدۆنگی و بەگومانبوون لە پانتایی مەعریفەدا (پلۆڕالیزمی مەعریفی)، هێدی هێدی بووە هۆی گەشەکردنی پلۆڕالیزمی ئایینی. بیرۆکەی پلۆڕالیزمی ئایینی لەگەڵ ئەو کۆمەڵە دەزگا مەعریفییانە یەکانگیر دەبێت، کە لە مەعریفەناسیدا بڕوایان بە نسبییەت لە تێگەیشتندا و تەنانەت نسبییەت لە راستیدا هەیە (Ibid, 451).

تۆماس مۆر کە لە لاویەتیدا ئەراسمۆسی ناسی و لەژێر کاریگەری ئەودا بوو (کەنی، 1374: 30) بە راشکاوی لە یوتۆپیاکەی خۆیدا دەستی کرد بە بانگەشەی پلۆڕالیزمی ئایینی. ئەو پێیوایە ئەگەر تەنیا یەک تاکە ئایینی راست هەبێت و ئایینەکانی دیکە درۆ بن، دەبێ هێدی هێدی ئەم راستییە بۆ هەمووان دەربکەوتایە. لەم رووەوە هیچ کەسێک مافی ئەوەی نییە ئایینی خۆی بەسەر دیتراندا بسەپێنێت و دوگمای ئایینی و هات و هاوار سەبارەت بە ئایینێکیش سزادانێکی قورسی بەدواوە دێت (مۆر، 1361: 133). لە یوتۆپیای مۆردا بڕوامەندان بە هەموو ئایینەکان لەگەڵ یەکدا دەژین، وەک بڵێی هەرهەموویان لە رێگەیەکی جیاوازەوە بەرەو یەک شوێن دەچن (پێشوو: 132). لەسەر ئەم بنەمایەش، هەرچەندە

هەندێک لە ئەندامانی ئەم کۆمەڵگایە، خۆرپەرست و هەندێکی دی ئەستێرە پەرستن، ئاقڵترینەکانی ئەوان لەسەر ئەو بڕوایەن کە خواوەندێکی نەناسراو، هەمیشەیی و بێکۆتایی هەیە کە لە دەرەوەی دەرکی مرۆڤە. سەرەتا، هەوێنی گەشە و پێشکەوتن و کەوڵاوکەوڵبوون و کۆتایی هەموو ینێک هەر ئەوە و هەموو کەسێک بە یەک ناو بانگی دەکەن، کە بە زمانی لۆکاڵی پێی دەڵێن «میترا» (پێشوو: 132).

4ـ3. زانستتەوەری

تەوژمێکی هزری دیکە کە پاش رێنیسانس شکڵی گرت، ئەزموونگەرایی بوو. هەرچەندە ئەزموونگەرایی لە مێژووی فەلسەفەدا پێشینەیەکی درێژی هەبووە تەوژمی ئەزموونگەرایی، لەگەڵ جەختکردنە نوێکانی فرانسیس بیکۆن لەسەر پێویستی بەکارهێنانی ئیستیقرا لەباتی ئیستیدلالی قیاسی (؟؟؟؟؟) دەستپێکرد و دەرەنجام گەیشتە زاڵبوونی زانستتەوەری بەسەر ئەندێشەی زۆربەی بیرمەندانی زانستە ئەزموونییەکان. زانستتەوەری کە لەدایکبوونی ئەزموونگەراییە، وەک بڕوامەندییەکی فەلسەفی (یان زۆر وردتر بڵێین مەعریفەناسی» دێتە ئەژمار، کە زانست وەک تاکە شێوازی جێ بڕوا بۆ پەیوەندیدانان لە نێوان زەینی مرۆڤ و راستی ئامانج لە قەڵەم دەدات (پترسون و دیگران، 1376: 383). پێویستە سەرنج بدرێتە ئەم خاڵە کە زانستتەوەری بە هیچ شێوەیەک خودی زانست نییە؛ چونکە لە کاتێکدا زانست شێوازێکی دڵ نزم، جێ بڕوا و پڕ بەرهەمە بۆ فێربوونی کاروباری گرنگ و سەبارەت بە جیهان، زانستتەوەری بریتییە لەم گریمانەیە کە زانست تاکەڕێگەی گونجاوە بۆ گەیشتن بە راستی.

زانستتەوەرەکان پێیانوایە، کە راستی لە گەمارۆی زانستی

ئەزموونیدایە و وابیردەکەنەوە، کە نازانست هەرچی بڵێت رستەگەلی بێ واتایە، کە شایانی ئەوە نییە ناوی مەعریفەی لێ بنرێت و خواوەندێکیان لە زانست دروستکردووە کە هەموو گرێیەک دەکاتەوە، هەر ئەویشە کە شاری چاکان دروست دەکات. وا بیریان دەکردەوە کە زانست و پێشکەوتنی ماددی، خۆی لە خۆیدا بەختەوەری و فەزیلەت دەئافرێنێت و مرۆڤ دەتوانێت بەهەشتێک لەسەر زەوی بۆ خۆی ساز بکات (باربور، 1374: 79). ئەم تێگەیشتنە لە زانست کە بەرهەمی سەردەمی نۆژەنبوونەوەیە، زانست و زانست تەوەری تێکەڵی یەکدی کرد و ئەم تێکەڵە نابەجێیە، بواری بۆ دەرچوونی زانستە ئەزموونییەکان لە چوارچێوەی خۆیان و دەستدرێژی بۆ چوارچێوەی فەلسەفە، مێتافیزیک و ئایین ڕەخساند. لە سەردەمی ڕۆشنگەریدا عەقڵگەرایی تەنانەت لە ئاستی ئەزموونگەراییدا نەبوو، بەڵکوو عەقڵ وەک خزمەتکاری ئەزموون و بەسیستمکەری ئەزموون دەهاتە ئەژمار )نەسر، 1385: 43(.

تۆماس مۆر بە پشتبەستن بە زانست تەوەری لە یوتۆپیاکەیدا، پێیوابوو زانست چێژ دەداتە رۆح و بیرکردنەوە و قووڵبوونەوەی لە راستیدا بە شادهێن دادەنا (مۆر، 1361: 91). لە یوتۆپیاکەی ئەودا زانست، پەروەردە و ڕاهێنان خاوەن پێگەیەکی تایبەتن و زۆربەی خەڵکانی یوتۆپیا، لایەنگری خوێندنەوەن. خەڵکی یوتۆپیا بەها دەدەنە زانستە جیاوازەکان، بەڵام زیاتر بەها دەدەنە پزیشکی و بە چێژدارترین و سوودمەندترین زانستەکانی دادەنێن. پیشەسازی و داهێنانیش بۆ ئاسایشی ژیان زۆر گرنگن (103ـ104).

3ـ5. دادتەوەری

تۆماس مۆر لە یوتۆپیاکەیدا جەخت لە دادپـەروەری کۆمەڵایەتی

یان دادپەروەری دابەشکاری دەکاتەوە. لێکۆڵینەوە لە بیرۆکە جیاوازەکانی دەربارەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، ئەم راستییە دەردەخات کە هەرکام لەم بیرۆکانە جەخت لە توخمێکی تایبەت بە شێوەی بنەڕەت و بنەمای دادپەروەری خۆیان دەکەنەوە. لە روانگەی تۆماس مۆرەوە دادپەروەری پشت بە توخمی «بەرامبەری» و بە تایبەتیش بابەتی «پێویستی» دەبەستێت و گرنگییەکی تایبەتی دادەنێ. بە بنەما و پێوەردانانی «پێویستی» بۆ جێگیرکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و دابەشکردنی دادپەروەرانە،پێویستی بە سنووردارکردنی ئابووری و دروستکردنی یەکسانی دەرفەتەکانە. لەم رووەوە لە یوتۆپیای مۆردا هەموو سامانەکان موڵکی دەوڵەتە و بۆیەش شەڕێکی رکابەری لە ئارادا نییە،هەموو کەسێک بەقەد توانای خۆی ئیش دەکات و ئەوەندەی پێویستییەتی وەردەگرێت، هیچ کەسێک خانووبەرەی تایبەتی نییە و هەموو دەساڵێک خانووەکان بە تیروپشک دەگۆڕدرێن (مۆر، 1361: 72). جلوبەرگ لەم یوتۆپیادا هاوشێوەن و حەشیمەتی هەر 54 شارەکە چون یەک (پێشوو: 74) و تەنانەت خانووەکانیش هاوشێوەن. لە یوتۆپیادا موڵکداری تایبەت بوونی نییە. یوتۆپیاکەی مۆر دەسەڵاتی چون یەکی ئاکەکانە کە سەرچاوەکەی هاوشێوەییەکە لە هەموو شتدا. واتە زمان، دابونەریت، یاسا و رێسا و تەنانەت خانوو و شارەکانیشی (پێشوو: 81).

سەرنجێک لەسەر پێناسەکانی بیرمەندان دەربارەی دادپەروەری کۆمەڵایەتی دەریدەخات، کە جیاوازی ئەو پێناسانە لە مانای دادپەروەری کۆمەڵایەتیدا نییە، بەڵکو لە چەمکەکانیدایە. سەرچاوەی ئەم دژایەتییە لە بەراوردی جیهانبینی بیرمەندەکەدایە؛ چونکە جیهانبینی و ئارمانەکانی هەموو بیر و بیرمەندێک، کۆمەڵگا نمونەییەکەی ئەو بیرمەندە نیشان دەدات.

بیرۆکەکانی دادپەروەری بە ئاشکرا یان شاراوە، پشت بە پێشگریمانە فەلسەفی و مەعریفەناسییەکی تایبەت دەبەستن و مۆدێلێک بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی پێشنیار دەکەن، کە راست و دروستی دیاریکردووە و ئەم دروستی و راستییە لەسەر بنەمای تێڕوانینە تایبەتە فەلسەفییەکانە بۆ مرۆڤ، کۆمەڵگا و ئاکارە (واعیزی، 1383: 198). پەیوەندی مەعریفە و دادپـەروەری تا ئاستێکە، کە بیرمەندانی وەک ئەفلاتۆن و سوقڕات ـ فەزیلەت و دادپەروەری وەک باشترین باشەکان ـ لەگەڵ مەعریفە وەک یەک دەزانن و سەرجەم فەزیلەتەکان دەگەڕێننەوە بۆ مەعریفەی بەرهەمی بیرکردنەوە (ئەفلاتۆن، 1376: 589)

پەراوێز:


1. ابن‌منظور، لسان العرب، بیروت، دار احیاو التراث العربی، 1408ق.

2. ابوالقاسمی، محمدجواد، به سوی توسعه فرهنگ دینی در جامعه ایران، تهران، عرش پژوه، 1384ش.

3. افلاطون، جمهوری، ترجمه: محمدحسن لطفی، تهران، انتشارات خوارزمی، 1367ش.

4. افلاطون، جمهوری، ترجمه: فواد روحانی، تهران، شرکت انتشارات علمی و فرهنگی، 1374ش.

5. امرسون، راجـرال، فرهنگ اندیشه سیاسی (اتوپیا)، ترجمه: خشایار دیهمی، تهران، نشر نی، 1387ش.

6. امینی گلستانی، محمد، سیمای جهان در عصر امام زمان، قم، انتشارات مسجد مقدس جمکران، 1385ش.

7. باربور، ایان، علم و دین، ترجمه: بهاوالدین خرمشاهی، تهران، مرکز نشر دانشگاهی، 1374ش.

8. برلین، ایزا، سرنوشت تلخ بشر (جستارهایی در تاریخ اندیشه‌ها)، ترجمه: لیلا سازگار، تهران، انتشارات ققنوس، 1387ش.

9. بەروزلک، غلام‌رضا، سیاست و مەدویت، قم، حکمت رویش، 1384ش.

10. پترسون، مایکل (و دیگران)، عقل و اعتقاد دینی، ترجمه: احمد نراقی و ابراهیم سلگانی، تەران، انتشارات گرح نو، 1376ش.

11. پوپر، کارل، جامعه باز و دشمنان ێن، ترجمه: جلال‌الدین اعلم، تهران، انتشارات سروش، 1379ش.

12. پەلوان، چنگیز، فرهنگ‌شناسی (گفتارهایی در زمینه فرهنگ و تمدن)، تهران، انتشارات پیام امروز، 1378ش.

13. تمیمی ێمدی، عبدالواحد بن محمد، غرر الحکم و درر الکلم، تحقیق: مصگفی درایتی، قم، مکتب العلوم الاسلامی، بی‌تا.

14. جعفری، محمدتقی (و دیگران)، عدالت در روابگ بین‌الملل و بین‌الادیان از دیدگاه اندیش‌مندان مسلمان و مسیحی، تهران، انتشارات بین‌المللی الهدی، بی‌تا.

15. جعفری، محمدتقی، فلسفه دین، تدوین: عبدالله نصر، تهران، پژوهشگاه فرهنگ و اندیشه اسلامی، 1378ش.

16. جمعی از نویسندگان، جامعه ایدەێل اسلامی و مبانی تمدن غرب، نگاهی به نحوه شکل‌گیری، سیر تحولات و وضعیت فعلی تمدن غربی، تهران، دبیرخانه دایمی اجلاس دوسالانه بررسی ابعاد وجودی حضرت مەدی(عج)، 1381ش.

17. جهان‌گیری، محسن، اصول و یثار و یراو فرانسیس بیکن، تهران، انتشارات علمی و فرهنگی، 1376ش.
18. داوری اردکانی، رچا، اوتوپی و عصر تجدد، تهران، انتشارات ساقی، 1379ش.
19. دهخدا، علی‌اکبر، لغت‌نامه دهخدا، زیر نظر: دکتر معین، تهران، شرکت چاپ افست گلشن، 1341ش.
20. رحیم‌پور ازغدی، حسن، عقلانیت، تهران، انتشارات گرح فردا، 1387ش.
21. رحیم‌پور ازغدی، حسن، عقلانیت (مباحثی در جامعه‌شناسی توسعه)، تهران، مؤسسه فرهنگی دانش و اندیشه معاصر، 1378ش.
22. روویون، فردریک، یرمان‌شهر در تاریخ اندیشه غرب، ترجمه: عباس باقری، تهران، نشر نی، 1385ش.
23. زرین‌کوب، عبدالحسین، تاریخ در ترازو، ته‌ران، انتشارات امیرکبیر، 1375ش.
24. صافی گلپایگانی، شیخ لطف‌الله، منتخب الاپر فی الامام الپانی عشر، قم، انتشارات حضرت معصومه، 1419ق.
25. صدوق، محمد بن علی بن حسین بن بابویه قمی، کمال الدین و تمام النعمه، ترجمه: منصور په‌لوان، قم، مسجد جمکران، 1380ش.
26. صفایی حائری، علی، انتظار (درس‌هایی از انقلاب)، دفتر اول، قم، انتشارات لیله القدر، 1387ش.
27. طباطبایی، محمد حسین، المیزان فی تفسیر القران، بیروت، مؤسسه الاعلمی للمطبوعات، 1973م.
28. طوسی، ابوجعفر محمد بن حسن بن علی بن حسن، الغیبه،

قم، موسسه معارف اسلامی، 1411ق.

29. علم‌الەدی، سید رضی، نەج البلاغه، ترجمه: فیض الاسلام، بینا، بیتا.

30. عمید، حسن، فرهنگ عمید، تهران، سازمان انتشارات جاویدان، بی‌تا.

31. فارابی، ابو نصر محمد، اندیشەهای اهل مدینه فاضله، ترجمه و تحشیه: سیدجعفر سجادی، تهران، انتشارات گەوری، 1361ش.

32. فروم، اریک، روان‌کاوی در دین، ترجمه: یرسن نثریان، تهران، انتشارات مروارید، 1388ش.

33. فولکیه، پل، فلسفه عمومی (مابعد الگبیعه)، ترجمه: یحیی مەدوی، تهران، انتشارث دانشگاه تهران، 1347ش.

34. قدیری اصل، باقر، سیر اندیشەهای اقتصادی، تهران، انتشارات دانشگاه تهران، 1364ش.

35. قراملکی، احد فرامرز، اصول و فنون پـژوەش در گستره دین‌پژوەی، قم، انتشارات مرکز مدیریث حوزه علمیه قم، 1388ش.

36. کاشفی، محمدرظا، تاریخ فرهنگ و تمدن اسلامی، قم، انتشارات مرکز جهانی علوم اسلامی، 1384ش.

37. کنی، ینتونی، تامس مور، ترجمه: عبدالله کوپری، تهران، گرح نو، 1374ش.

38. کورانی، علی، عصر ڤـەور، ترجمه: عباس جلالی، تهران، انتشارات امیرکبیر، 1383ش.

39. کورانی، علی، معجم الاحادیث الامام المەدی، قم، مؤسسة معارف اسلامی، 1411ق.

40. طنون، رنه، بحران دنیای متجدد، ترجمه: چیاوالدین دەشیری، تهران، انتشارات امیرکبیر، 1372ش.
41. گودن، کریستیان، ایا باید از اتوپیا اعاده حیثیت کرد؟، ترجمه: سوسن شریعتی، تهران، انتشارات قصیدەسرا، 1383ش.
42. گیدنز، انتونی، جامعەشناسی، ترجمه: منوچەر صبوری، تهران، نشر نی، 1373ش.
43. مانهایم، کارل، ایدئولوژی و اتوپیا (مقدمەای بر جامعەشناسی شناخت)، ترجمه: فریبرز مجیدی، تهران، سازمان مطالعه و تدوین کتب علوم انسانی دانشگاها، 1380ش.
44. مجلسی، محمدباقر، بحارالانوار، تهران، دارالکتب الاسلامیه، 1363ش.
45. محدث قمی، عباس، سفینه البحار و مدینه الحکم و الاثار، تهران، بنیاد پژوەشهای اسلامی، 1384ش.
46. محمدی، مجید، درێمدی بر جامعەشناسی و اقتصاد فرهنگ ایران امروز، تهران، انتشارات قطره، 1377ش.
47. مددپور، محمد، «چیستی عقلانیت»، قبسات: سال اول، ش1، 1375ش.
48. مصباح یزدی، محمدتقی، جامعه و تاریخ از دیدگاه قران، قم، مرکز چاپ و نشر سازمان تبلیغات اسلامی، 1368ش.
49. مگەری، مرتظی، جامعه و تاریخ (مجموعه اپار)، ج2، تهران، انتشارات صدرا، 1381ش.
50. مگەری، مرتظی، عدل الەی (مجموعه اپار)، ج1، تهران، انتشارات صدرا، 1374ش.

51. مک کواری، جان، تفکر دینی در قرن بیستم، ترجمه: بەزاد سالکی، تهران، انتشارات امیرکبیر، 1378ش.
52. مور، تامس، ارمانشەر (اتوپیا)، ترجمه: داریوش اشوری و نادر افشاری، تهران، انتشارات خوارزمی، 1361ش.
53. موسکا گانتا و بوتوگاستون، تاریخ عقاید و مکتبهای سیاسی (از عەد باستان تا امروز)، ترجمه: حسین شەیدزادە، تهران، انتشارات مروارید، 1370ش.
54. نصر، سیدحسین، معرفت و معنویت، ترجمه: انشاوالله رحمتی، تهران، انتشارات دفتر پژوەشی و نشر سەروردی، 1375ش.
55. نصر، سیدحسین، نیاز به علم مقدس، ترجمه: حسن میانداری، تهران، انتشارات طه، 1382ش.
56. نعمانی، محمد بن ابراهیم بن جعفر الکاتب، الغیبه، قم، انتشارات انوار المەدی، 1422ق.
57. واعقی، احمد، «عدالت اجتماعی و مسائل ان»، قبسات: سال نەم، ش33، 1383ش.

58-Foley, R, Some Different Conceptions of Rationality, In: Constraction and Constraint, Mamillin (ed) USA: University of Notre Dame Press, 1988.

59-More, Thomas, Utopia NewYork: Barnes & Noble Classics, 2005.

60-Popkin, R, Skepticism, In: Encyclopedia of Philosophy, P. Edwards (ed) NewYork: Macmillam Publishing Company, 1967.

61–Stenmark, Mikaeal, Rationality in Science, Religion,
.and Everyday life University of Notre Dame Press, 1995

62–Taylor, Edward, Primitive Culture: Researches into the Development of Mythology, Philosophy, Religion, Language,
.Art and Custom London: John Murray Ltd, 1871

63–Yandel, Keith, Philosophy of Religion Routledge,
.1999

# تۆماس مۆر
# ئەندێشەی یۆتۆپیا

ویدا فەرەوودی

قەدیسی کاتۆلیک، خەیاڵ چێکەر و پێشڕەوی فەرمی کۆمۆنیزم ... کەسێک کە دۆزینەوە و روانگەی ئەندێشەیەکمان لەوەوە هەیە، کە تا ئێستاش هەر بەڕۆژە: ئەندێشەی یوتۆپیا. ساڵی ... پاپ پاوڵی دووەم تۆماس مۆر وەک قەدیسی «پارێزەری کاربەدەستانی دەوڵەت و بەرپرسانی سیاسی» رادەگەیەنێت، بەڵام ئەو واتە نوسەری «یوتۆپیا» پێش ئەوەی ساڵی 1886 بگاتە پلەی بەخشراو (کە لە ئایینی کاسۆلیکدا پێش قەدیسبوونە) و دواتر، لە یادی 400ەمین ساڵی کۆچی دوایی لە 1935 بخرێتە ریزی قەددیسەکانەوە کەسێکی مرۆڤگەرا، مافناس، پارێزەر، سیاسەتمەدارێکی خاوەن بەهرە و لە کۆتاییشدا وەک کار بە دەستێکی دەوڵەت هەژمار دەکرا، چونکە ساڵی 1592 هێنری هەشتەم پاشای ئەوکاتی بەریتانیا، کە تۆماس مۆر بە هاوڕێی و راوێژکاری دەژمێردرا، وەک سەرۆک وەزیران واتە خاوەنی باڵاترین پلە و پێگە لە دوای پلەی پاشا هەڵیدەبژێرێت. لە راستیدا هێنری هەشتەم بەنیاز بوو لە مۆر، بەتایبەت کاریگەریی ئەخلاقی مۆر لە پێناو گەیشتن بە قازانجێکی زیاتر کەڵک وەربگرێت: جودابوونەوە لە «کاترین داراگۆن» بە نیازی هاوسەرگیری لەگەڵ «ئان بول ین» و جێبەجێکردنی چاکسازی لە کڵێسای بەریتانیا بۆ ئـەوەی لەناوی بباێ. تۆماس مۆر هەرچەندە خزمەتگوزارێکی بەوەفا بوو، بەڵام جگە لە رێگەی ویژدانی خۆی رێگەیەکی دیکەی نەگرتە بەر. ویژدان پێی دەوت کە دەبێت «لەبەر پاشا خزمەتگوزاری

خواوەند بێت». دەرئەنجام بە هیوای بەجێهێشتنی گۆڕەپانی سیاسەت، ساڵی 1532 دەستی لەکار کێشایەوە. هەوڵێکی بێ دەرئەنجام! ڕەفتاری ئەم مرۆڤە کە هەندێ جار وەک سوقڕاتی مەسیحییەکان ناوی هێنراوە، بووە هۆی شەهیدبوونی! قبوڵنەکردنی «سوێند» هێنری هەشتەم دوای پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ بۆرما، بووە هۆی ئەوەی بە مەرگ سزا بدرێت. تۆماس مۆر پاش بەسەربردنی خولێکی 15 مانگە لە زیندان، لە بەرواری 6ی حوزەیرانی 1535 لە «تاوەر هیڵ» لە سێدارە درا.

هەر ئەم تۆماس مۆرەـ هەڵبەت پێش ئەوەی بخرێتە ڕیزی قەدیسەکان ـ کەسێکە کە لینین ناوی دەخاتە سەر لەوحێکی بیرەوەری لە مۆسکۆ و لەپاڵ ناوی مارکس و ئینگڵس و 20 کەس لە پێشڕەوەکانی کۆمۆنیزم، یادی بەرز ڕادەگرێت. بەم شێوەیەش قەدیسی شەهیدی کڵێسای کاسۆلیک، لە مەزارگەی پێشڕەوانی کۆمەڵگای بێچینیشدا وەردەگیرێت؛ سوپاسێکی سەیر پاش مردن! لەگەڵ ئەمەش ئەم سوقڕاتە مەسیحییەی ئێمە، فەیلەسوفێکی بە واتای دروستی وشەکە نییە. ئەو پیاوێکی تەواو ئایینییە و بە کردەوەش پابەندە بە ئایینەوە، هەرگیز بە تێڕوانینێکی پیشەیی نەبووەتە فەیلەسووف، هیچ ڕێبازێکی بونیات نەناو یانیش بیرۆکەیەکی پێشنیار نەکردووە، بەرهەمە سەرەکییەکەشی واتە یوتۆپیا وەک نامیلکەیەکی فەلسەفی سیاسی نایەتە ئەژمار. دەکرێ ئەم بەرهەمە وەک نوسراوەیەکی ئەدەبی لە قەڵەم بدرێت، کە لە سەردەمی کورتی دەست بەتاڵی نوسەردا لەو قۆناغەی لە لایەن هێنری هەشتەمەوە وەک کونسوڵ لە پارێزگای «فلاندەر» بۆ چارەسەرکردنی کێشەیەکی بازرگانی کاری دەکرد، نوسراوە.

یوتۆپیا، جگە لە پێشەکییەک لە شێوەی نامەدا بۆ «پییەر ژیل»ی هیومانیست و خاوەن چاپ و بڵاوکردنەوەیەکی پیاوچاک «ئانوێر»

نوسراوەیە، کە برینییە لە کتێبی سەرەتا، کە تێیدا مۆر گفتوگۆیەک لە نێوان کەسایەتییە خەیاڵییەکانی وەک فەیلەسوفێکی ڕێبوار بە ناوی «رافائێل هینلۆدە» کە هاوڕێی «ئامریکۆ ئۆسپوچی»یە و کەسایەتی راستەقینەی وەک خودی «تۆماس مۆر» و «پییەر ژیل» دروستدەکات. ناوەرۆکی کتێبی یەکەم لە راستیدا دادنامەیەکە لە دژی نایەکسانییە کۆمەڵایەتیی و سیاسییەکانی ئەوکاتی بەریتانیا. لە کتێبی دووەمدا کە تەنیا «رافائێل» قسە دەکات، نوسەر دوورگەی یوتۆپیایی خۆی شیدەکاتەوە، کە لە راستیدا بە پێچەوانەی کتێبی یەکەم و بەڕای «مۆر» وێنەیەکی ئەرێنی و خەیاڵی لە بەریتانیا کە بە شێوەیەکی باشتر بەڕێوەببرێت.

**هیومانیستەکان،**
**بیرمەندانی نوێ**

لەڕاستیدا ئەم قۆناغە بۆ بەریتانیا و بە شێوەیەکی گشتی بۆ تەواوی ئەوروپای سەرەتای سەدەی 16، سەردەمێکی تاڵە. لەگەڵ تەواوبوونی شەڕی ناوخۆ (1455ـ1485) کە بۆ پاراستنی رواڵەت ناوی لێنرابوو «شەڕی دوو گوڵی سوور» چاوچنۆکی و زێدەخوازی هەندێک لە دەسەڵاتداران (یان لەوانەشە بزۆزییە ئابوورییەکان) کۆمەڵێک لە وردە کشتوکاڵ کارانی وەها لاواز و هەژار کردبوو کە بۆ بەردەوامی ژیان، ناچاربوون رووبکەنە دزی و راوڕووت. ئەم توندوتیژییانە دژکردەی ئەمنی یەکجار توندی بەدواوە بوو، چونکە بەپێی یاساکانی ئەوکات، دز یان تەنانەت بەرەڵلا لەوانە بە توندترین سزای ( لە سێدارەدان) سزا بدرێت. ئەوەی لە راستیدا رووی دا ئەمە بوو، کە موڵکدارە گەورەکان بە شوێن لەوەڕگەی گەورەترەوە بوون بۆ مەڕ و ماڵاتەکانیان، تاوەکو پەرە بە پیشەسازی تازە و سەرهەڵدانی خوری بدەن.

له ئەنجامدا لەگەڵ زیادبوونی فەزای داڵـدەدراوی لەوەڕ، جووتیارەکان دەرکران. ئەم دۆخە لە راستیدا وەک سەرەتای بەجیهانیبوون دێتە ئەژمار؛ سەفەری دەریایی بە دەوروبەری کیشوەرەکاندا، کەشفی ئەوپەڕی دونیا و یەکەمین پێشکەوتنەکانی بازرگانی و پیشەسازی، سەرمایەداری مۆدێرن، هێزی بەریتانیا سەرەڕای کەمبوونی حەشیمەت لەژێر رێبەرایەتی پاشای گەنج (هێنری هەشتەم تۆدۆر) رووی لە زیادبوونە. لەم بونیاتە ئاڵۆزە پڕتوندوتیژییە وێرانەی ئەوروپادایە، کە بۆ دۆزینەوەی هێمای مینۆکی نوێ بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی داڕووخانی بە ئەسپایی سیستمی سەدەکانی ناوەڕاست، نەوەیەک بیرمەند سەرهەڵدەدەن، کە گرێدراوی سەردەمی کۆنن و ناویان لێنراوە «مرۆڤگەرا» (هیومانیست). هەڵبەت ئەم بزاڤە پێشتر لە ئیتاڵیا دەستیپێکرد و گەیشتە ئەوروپای باکور، پێشڕەوە سەرەکییەکانی دوو هاوڕێ بوون، واتا ئەراسم کە خەڵکی ئێردامە و تۆماس مۆر کە دوانزە ساڵ لەو منداڵتره.

## پەسەندی عەقڵ دوای
## پەسەندی شێتی

ئەراسم و مۆر هاوڕێن، زۆربەی وتووێژەکانی «لوسیەن سامویست»یان لە یۆنانییەوە وەرگێڕاوەتە سەر لاتینی. سەرەڕای جیاوازی تەمەن ئەراسم، مۆر وەک هاوڕێی هەمیشەیی خۆی لە قەڵەم دەدات و کتێبی «پەسەندی شێتی» خۆی لە کاتی بڵاوبوونەوەدا پێشکەشی مۆر دەکات. ئەم کتێبەی ئەراسم کە پڕە لە قسەی نەستەق و گاڵتەجاڕی، وەک سەرکەوتنێک دێتە ئەژمار، دواتر ئەراسم کە بە چڕی سەرقاڵی وەرگێڕانی «سەردەمی نوێ» دەرفەتی نابێت بەوجۆرەی پێشبینی کردووە، نوسینی درێژەی کتێبەکە لەگەڵ

مۆر تەواو بکات. بۆیەش قەناعەت بە هاوڕێکەی دەکات کە بەرهەمێکی ئەدەبی دووبەشی بنووسێت و «پەسەندی عەقڵ» دەنوسێت. بەڵام لە کوێی ئەم جیهانە پەستەدا دەتوانێ عەقڵ بدۆزینەوە؟ وەڵام کەسنەزانە (هاووتای وشەی لاتینی nusquama). دەرەنجام یەکێک لە راگەیاندنە سیاسییەکانی ئەندێشەی هیومانیستی تازە بونیاد، کە تۆماس مۆری گەنج لە 1514 دەست بە نووسینی دەکات و ئەم ناوەی لێ دەنرێت. دوورگەی شاری خەونەکان لە سەرەتادا ناوی لێدەنرێت «کەسنەزان». بەڵام مۆریش لەم کاتەدا زۆر سەرقاڵە: ئەو لە 1513د هەست بە نوسینی دادخواستێکی لە دژی «ریچارد سێهەم یۆرک» بۆ بەرگری لە شای لاو هێنری هەشتەم دەکات کە لە بەرگی یەکەمی شاری خەونەکاندا کاریگەرییەکانی دەبینرێت. لە ئەنجامدا بەرنامەی کارەکە کە ماوەیەک دوا دەخرێت. ئەم بەرهەمە لە کۆتاییدا لە 1516 و هاوکات لەگەڵ «شازادەی ماکیاڤل» بە ناوی درێژی «باشترین دەوڵەتی کۆماری و دوورگەی تازە کەشفکراوی شاری خەونەکان، وەک نامیلکەیەک بە نرخ و لە هەمانکاتدا پڕ لە پەند و سەرنجڕاکێش، دەنوسێت.

## شاری خەونەکان (Utopie)

## وشە و چەمک

لەم رووەوە کەسنەزان بوو بە شاری خەونەکان. ئەم دەربازبوونە لە زمانی لاتینیەوە بۆ یۆنانی، یان باشتر بڵێین دەربازبوون لە وشەیەکی نوێی لاتینەوە بۆ وشەیەکی نوێی یۆنانی دەتوانرێ بە لەبەرچاوگرتنی تێکۆشانی هیومانیستەکانی ئەوکات بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلف و بێی یۆنانی، کە خۆی شکستخواردووی سکۆلاستێک بوو باشتر درک بکرێت. وشەکە لە پێشگری نەرێنی (ou) و ریشەی (topos) پێکهاتووە (کە لە زمانی یۆنانیدا بە

واتای «شوێن» و «جێگە»یە و لە لاتینیشدا بووەتە «locus» و هەندێک جاریش «situs») وشەی utopia بەپێی بەکارهێنان، وەرگێڕانی جۆراوجۆری هەیە: «هیچ کوێ»، «ناشوێن» و «شوێنێک لە هیچ کوێ». مۆریش وەک هەموو هیومانستێکی مەیلەو یۆنانی لە سەردەمی رێنیسانسدا، حەزی لە قسەکردن بە نوێکلە و یاری کردنە بە وشەکان، بۆیەش بە هاوشێوەی پیتە دەنگدارەکان یاری بە یوتۆپیا و ئۆتۆپیا دەکات. لە راستیدا لە زمانی یۆنانیدا پێشگر (eu) دێتە واتای «هەرچی باشە» کەواتە utopia یەک eutopia واتە «ناشوێن»، «شوێنی باش» یانی «پێگەی لێکنێگەیشتن و بەختەوەری»یش دەبێت.

خولقاندنی وشە لە سەردەستی مۆر، ئایندەیەکی حاشاهەڵنەگری هەیە، چونکە ئەم وشەی «utopie»یە لە ئێستا بە شێوەیەکی گشتی بەکار دەهێنرێت. ئەم وشەیە هەرچەندە لە لای مۆر واتای شتێکی خەیاڵی دەدات، بەڵام شتێک نییە دەست پێی نەگات. دانیشتوانی دوورگەی ئارمانی کە رافائێل هیتلۆدە وەسفی دەکات، لە بواری سروشتییەوە جیاوازییەکی لە بریتانییایەکی ئەوکات نییە. ئەوەی جیاوازییەکان دەکات رێکخراوەکانیان و خود و ئاکارەکانیانە.

### دوورگەیەکی دەستکرد و خاوەن سنور لە جیهانی واقیعدا

لەسەر ئەم بنەمایە یوتۆپیا، دوورگەیەکی نەناسراوە. «رافائێل هیتلۆد» سەبارەت بە پێگەی جوغرافی ئەم وڵاتە بە شێوەیەکی نادیار قسەدەکات؛ ئەم وڵاتە لە نیوەگۆی باشووردایە. زیاتر لەمە هیچ زانیارییەکمان نابێت، بەڵام گریمانە ئەمەیە کە ئەم دوورگەیە لەگەڵ نەناسراوبوون، بەڕاستی بوونی هەیە. یوتوپیای مۆر سەرەڕای خەیاڵیبوونی لە شوێن و کاتێکی

دیکەدا نییە، بەمجۆرەش لە «ئاتلانتاید»ی ئەفلاتۆن، ئەو شارە ئەفسانەییە ون بووە یان «شاری خودا»ی ئۆگۆستین بە واتای مودێلی سیاسی هەموو حکوومەتە مەسیحییەکان، کە دەبێ لە داهاتوودا شێوەی واقیع بە خۆوە ببینێت، جیاوازە. لێرەدا لەگەڵ خەیاڵێک رووبەڕووین کە شوێنی لە جیهانی واقیعدایە، هەرچەندە ئەم جیهانە واقیعە دەستپێڕاگەیشتوو نەبێت. لە راستیدا یوتۆپیا دوورگەیەک نییە، بەڵکوو کراوەتە دوورگە. ئەوە ئۆتۆپۆسی (utopos) بونیاتنەرییەتی کە پەیوەندی ئەم وڵاتـە لەگەڵ کێشوەردا دەپچڕێت. «رافائێل» لەم بارەیەوە دەڵێت: بەپێی ریوایەتە پەسندکراوەکان و هەروەها بەپێی رواڵەتی ناوچەکە ئەم وڵاتە پێش ئەوەی بکەوێتە ژێر رکێفی «یۆتۆپۆس» و ببێتە پاشای و ناوی خۆی لەم وڵاتە بنێت، بە ناو سنوردار نەبووە. ئەم ناوچەیە پێشتر ناوی «ئابراسکا» بووە و نوساوە بە شوێنەکانی دیکەی کیشوەرەکەوە ... یوتۆپۆس دوای داگیرکردنی، بڕیار دەدات دراوێکی 15 مایلی کە ئەم وڵاتەی دەنوساند بە وشکانییەکانی دیکەوە ببڕێت، بەمجۆرەش وڵات وا لێبکات لە هەموو لایەکەوە بە دەریا دەوری گیرابێت. بەم شێوەیەش تۆماس مۆر، چەمکی دوورگەبوونی ئەم وڵاتە کە لە رەوایەتەکانی دیکەی یۆتۆپیادا هەیڤ بە کراوەیی دەهێڵێتەوە. جودایی و داخراوبوون بۆ پەیوەندی دەرەکـی بۆ ئەو کۆمەڵگانەی بە هۆی رووبەڕووبوون لەگەڵ دەرەوەدا ئالوودە بوون و بە لاڕێدا چوون، لەو پێویستییانەن کە لە ئەنجامدا باشتر بەڕێوە ببرێن. سوودێکی دیکەی دوورگەبوون ئەوەیە کە رووداوەکە لەگەڵ ئەوەی لە چوارچێوەی راستیدا جێگیرە، لێشی دوورە. بەمجۆرەش شاری خەونەکانی تۆماس مۆر دەتوانێت وەک مۆدێلێکی ئارمانی لە دوورگەیەکی دیکە بێت، کە بەپێی رەوایەتە جیاوازەکان و دەربڕینی راشکاوی نوسەر بۆ زیانە راستییەکان، تووشی

ڕەنجە. ئەم ڕەنجکێشانانە بێگومان بەرهەمی ڕەشی سروشتی خوێڕی مرۆڤە بێ ئەوەی کە دەرمان بکرێن. بەگشتی نوسینەکەی لێوانلێوە لە ئیمانێکی خۆشبینانە بۆ کاپاسیتی چاکسازی هەڵگری مرۆڤ و توانای ڕزگاریبەخشی بۆ کۆمەڵگا مرۆییەکان. هەڵبەت بە مەرجێک کە بە شێوەیەکی دیکە بەڕێوە ببرێن.

### کۆمەڵگای نمونەیی

دەستڕاگەیشتن بە دوورگە تەنانەت لە ڕەوایەتیشدا ئاستەمە بە جۆرێک لە «ڕافائێل هیتلۆدە» سەرەڕای ئەوەی 5 ساڵ لەوێ ژیاوە، لە وەسفکردنیدا تووشی دوودڵی دەبێت: ئەم کارە «وەک گێڕانەوەی چیرۆکێک بۆ کۆمەڵێک کەڕە» یان «لەبەرخۆوە قسەکردن لەگەڵ شێتەکان» لەگەڵ ئەمەش ئەو دوای جەختکردنەکانی کەسایەتی دیکەی چیرۆکەکە واتە تۆماس مۆر، دێتە قسە. پاش بەدەستەوەدانی کورتە مێژوویەک و وەسفێکی کورتی بارودۆخی سروشتی، خوێنەر بەمە دەزانێت کە یوتۆپیا خاوەنی «54 شاری گەورە و جوانە». زمان، یاسا، داب و نەریت و دەزگا کۆمەڵایەتییەکان لە سەرجەم ئەم شارانەدا وەک یەک. هەر هەموویان بەپێی تاکە نەخشەیەک سازکراون و خاوەن پێکهاتە و خانووبەرەی گشتی هاوشێوەن، کە هەڵبەت هەندێکجار بەپێی پێویستە لۆکاڵییەکان گۆڕانکارییان بەسەردا هاتووە. بە کورتی هەر کەسێک یەکێک لەم شارانە بناسێت، لە خۆیدا ئاشنای بارودۆخی ئەوانی دیکە دەبێت. هەموو شارەکانی هەر ساڵێک سێ کەس بەساڵاچوو بە ئەزموون هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی بچنە ئەنجومەنی پیرانی «ئامووت» (ئەو شارەی کە بە هۆی ناوەندیبوونیەوە کراوەتە پایتەخت) تاوەکوو بابەتەکانی دوورگە تاوتوێ بکەن. ئەرکی سەرەکی ئەم هێزە

ناوەندییە دابەشکردنی یەکسانی سەرچاوەکان و دروستکردنی دەپۆ؟ بۆ ئەو وەرزانەیە کە کشتوکاڵ ئێری وڵات بەرهەم دەهێنێت. لە هەموو شارەکانی بە شێوەیەکی یەکسان شوێنێک بۆ کشتوکاڵی شتە پێویستەکان دابین کراوە. «سوپای کرێکاران» پێکهاتووە لە 40 کەس (ژن و پیاو) و دوو کۆیلە «خێزانێکی کشتوکاڵی» پێکدێنن کە لە «خانووی باش»دا نیشتەجێ دەکرێن. سێ خێزان لەژێر ڕێبەرایەتی «سەرۆک گروپێکی خێزانەکان»دان. بەمجۆرەش مۆر بۆ بەڕێوەبردنی کارە دژوارەکانی مەزراکان خولێکی دوو ساڵی سیستمی ناچاری کشتوکاڵی دادەمەزرێنێت.

لە شارەکانیشدا بیرئاڵۆزیی یەکسانی یان بە واتایەکی دی جۆرێک هاوشێوەیی هاوڕێ لەگەڵ سادەبوون بەرچاو دەکەوێت. دانیشتوانی یوتۆپیا موڵکداری تایبەت لەناو دەبەن و تا ئاستی مومکین بنەماکانی موڵکداری گشتی جێ بەجێ دەکەن. هەر ئەمەش بووە هۆی ئەوەی تۆماس مۆر ناوبانگی وەک نوسەرێک کە مـوژدەی سوسیالیزمی داهاتوو دەدات، دەر بکات. خەڵکانی شاری خەونەکان بە مەبەستی لەناوبردنی بیرۆکەی موڵکداری رەهای تاک، هەموو دەساڵێک، بە تیروپشک خانووەکانیان لەنێو خۆیاندا دەگۆڕنەوە. بیرئاڵۆزی لەناوبردنی موڵکداری تایبەت لە ئەندێشەی مۆردا، دەکرێ بیرەوەری کۆمۆنیزمی ئەفلاتۆن لە قەڵەم بدرێت، چونکە مۆر ئەفلاتۆنی خۆش دەویست و دەکرێ کاریگەری لێوەرگرتبێت.

**لە شاری خەونەکان گاڵتە**
**بە عەشق ناکرێت**

بەڵام تۆماس مۆر بە هۆی بڕوا ئایینییەکانی، لێرەدا، بە پێچەوانەی کۆماری ئەفلاتۆنەوە باس لە سڕینەوەی خێزان و بێ نرخکردنی هاوسەرگیری ناکات. بەپێی ئەو پێناسەیەی بۆ دابونەریتی دوورگە کراوە؛ وا دەردەکەوێت

که ئامانج، ئەنانەت پتەوکردنی ئەم پەیوەندییانە. پێکهاتەی ئابووریی دوورگە وەک ڕێکخراوەیەکی هاوشێوە لە خێزانێکی گەورەدایە. خەڵکی یوتۆپیا ڕێز لە خێزان دەگرن و بەرگری لێدەکەن. زینا یەکێک لەو دوو سێ تاوانەیە کە هەنوکەش سزای سێدارەی هەیە. تاوانبار لە قۆناغی یەکەمدا بە توندی سزای بێگاری بە سەردا دەسەپێت و دواتر ئەگەر تاوانەکەی بەردەوام بێت لە سێدارە دەدرێت. زیانمەندەکان لە ئەنجامی ئەم کردەیە مافی ئەوەیان هەیە لەو هاوسەرەی ئەم ڕەفتارە ناشیرینەی لەگەڵ کردوون، جودا ببێنەوە، بەڵام ئەگەر بیانەوێت لەگەڵ هاوسەرەکەیان بمێننەوە، پێویستە لەگەڵ ئەوان سزاکە وەربگرن و بێگاری بکەن.

پاکبوون و بەئەخلاقبوون بەر لە هاوسەرگیری پێویستە. ئەگەر بسەلمێت کە تاکەکان بەر لە هاوسەرگیری پێکەوە پەیوەندییان هەبووە، بە توندی سزا دەدرێن واتە بە هیچ شێوەیەک مافی هاوسەرگیرییان نابێت (مەگەر شازادە لێیان خۆش بێت) و گەورەکانی ئەو خێزانە کە گوناحەکە تێیدا ڕویداوە، بە تاوانی چاودێری نەکردنی ڕەفتاری منداڵەکانیان، بە خراپ و بێ ئابڕوو دەناسرێن. بەپێی قسەکانی «ڕافائێل» ـ ئەم وتەبێژە بەوەفای مۆر ـ ئەم سزایانە هەرچەندە زۆر توند دەنوێنن، بەڵام دەبێ بزانن کە لە یوتۆپیادا، کەس گاڵتە بە عەشق ناکات. پاساوهێنانەوەی گێڕەرەوە لەم بوارەدا زۆر ئاوارتەیە: خەڵکانی یوتۆپیا پێیانوایە کە ئەگەر عەشقە ناسەقامگیر و ناجێگیرەکان سزا نەدرێن، عەشقی ژنومێردی دووکەس تەفروتوونا دەبوون، کە تا کۆتایی ناچارن لەگەڵ یەکدی هەزاران تەنگ و چەڵەمەی پێکەوە بگوزەرێنن. لە کۆتاییدا دەبێ بوترێت کە بۆ چاودێری سەرجەم ئەم کاروبارانە، ئەزموونێک و تاقیکردنەوەیەکی ورد پێش هاوسەرگیری لە یوتۆپیا ئەنجام دەدرێت.

## ئێپیکۆرییە پارێزگارەکان

خەڵکی یوتۆپیا بەم شێوەیە، لە پانتایی هەست و سۆزەکانیدا بۆ دوو چین پۆلێن دەکرێن: یەکەم ئەوانەی کە دژی هاوسەرگیرین و خۆ لە تێکەڵبوون لەگەڵ ژنان دەبوێرن بە شێوەیەکی بنەبڕ گیاخۆرن هیوایان وایە، کە بە قەناعەت و دوورکەوتنەوە لە چێژی جەستە و سێکس، ببنە خاوەن پێدراوەکانی جیهانی دیکە. گروپی دووەمیش کەسانێکن لە ژیانی هاوسەرگیری هەڵدەبژێرن. ئەم کەسانە بەقەد کەسانی گروپی یەکەم خاوەن ئیمانن، بەڵام وا بیردەکەنەوە کە قەرزداری سروشتن و دەبێ هەندێک منداڵ بدەن بە نیشتمانەکەیان. بەم هۆیەشەوە لە چێژە سێکسییەکان خۆیان دوور ناکەنەوە، هەڵبەت تا ئەو ئاستەی کە نەبێتە رێگر لە ئەرکەکانیان. خەڵکی یوتۆپیا لەم بوارەدا لە «ئێپیکۆرییەکان» دەچن. بە قسەی رافائێل، لە روانگەی ئەوانەوە بەختەوەری لە هەموو جۆرە چێژێکدا نییە، بەڵکو لەو چێژە دروست و شەرەفدارانەوە سەرچاوە دەگرێت کە سروشتی ئێمە، ئێمە بەرەو ئەو لایە رێنوێنی دەکات. ئەوان دەبێ خۆیان بەدوور بگرن لە هەرچەشنە جموجوڵێک، کە بتوانێت لە داهاتوودا ببێتە سەرچاوەی ئازار بۆ خودی کەسەکە یان کەسانی تر. لە ئەنجامدا هیچ کەسێک خۆی رادەستی «ویستە خەڵەتێنەر و فریودەرەکان» ناکات. کارێک کە بەربەستی چێژە ناڕاستەکانی لەش لە بەرامبەر گەیشتن بە سەرچاوەی بەختەوەری. خەڵکی یوتۆپیا هەروەها لەگەڵ گرتنەبەری شێوازێکی هاوشێوە، لە خۆڕازاندنەوە و لەبەرکردنی جلوبەرگی باشتر لە دیتران، خۆیان بەدوور دەگرن. خۆخەملاندن بە زێڕ و زێو، یاریکردن بە مۆرە، چێژی راوکردن و سەیرانی لەم چەشنە قەدەغە کراوە. بە پێچەوانەوە، لە ژیانی پارێزکارانەی یوتۆپیادا چێژی دەروونی وەک مۆسیقا هاندەدرێت. ئەو جۆرە چێژانە، کە

دوورکەوتنەوە لێیان ڕووداوی خراپی لێناکەوێتەوە.

**پێکەوە هەڵکردنی ئایینی**

خەڵکانی یوتۆپیا سەرەڕای توندبون لە بواری دابونەریتدا، سەبارەت بە بەجێهێنانی کردارگەلی ئایینی پێکەوە هەڵکردنێکی زیاتریان هەیە. بۆ دەربڕینی ئەم رەفتارە، دژەکردەی «تۆماس مۆر» دەربارەی زۆربوونی کێشمەکێشە ئایینییەکان دیارترە؛ باسی هەندێک چاکسازییە لە ئاییندا و کێشمەکێشەکانی گرێدراوی ئەم بابەتە. لەم ڕووەوە لە یوتۆپیادا ئایینەکان لە ناوچەکان و تەنانەت لە شارە جیاوازەکاندا، جیاوازە و پێکەوە دەژین. هەندێک مانگ دەپەرەستن و هەندێکی دی خۆر یان ئەستێرەکانی دیکە، بەڵام زۆربەی دانیشتوان لە دژی بتپەرەستین و خوداپەرستن: خودایەکی تاک، گەورە و وەسف هەڵنەگر کە پێی دەڵێن «باوکە». کاتێک رافائێل هیتلۆدە باسی مەسیحییان بۆ دەکات، ئەوان وەحی ئینجیلی زۆر دۆستانە پەسەند دەکەن. هەندێکیان لەسەر دەستی دۆستانی قەشە «ڕافائێل» لەئاو هەڵکێشران، بەڵام پاش مردنی ئەوان، بە هۆی بێتوانایی «رافائێل» یانیش هاوڕێ هاوسەفەرەکەی لە کاروباری قەشەییدا، بە شێوەی نیوەمەسیحی مانەوە. ئەو شێوازەی تۆماس مۆر بۆ هاوردنی مەسیحییەت بۆ یوتۆپیا بە کاری دێنێت زۆر جیاوازە لەو شێوازە توندەی سەپاندی مەسیحییەت بەسەر خەڵکی «دونیا تازەکان»دا. کۆنترین دامودەزگاکانی یوتۆپیا، ئەو دام ودەزگایانەن کە هیچ کەسێک بە هۆی ئایینەکەیەوە تاوانبار ناکرێت. پێکەوە هەڵنەکردن و دوگمانیزم لەو تاوانانە، کە سزای دوورخستنەوە یان کۆیلەتی بەدواوەیە. لەگەڵ ئەمەش ئایینێکی سەرتر لە یوتۆپیادا هەیە، کە لە روانگەی رۆح و مۆراڵ و بونیاتەوە زۆر نزیکە لە مەسیحییەت. قەشەکان،

کار بە دەستانێکن کە بە وردی و بە دەنگی خەڵک دێنە هەڵبژاردن و قەشەیەکی پلەباڵا ڕێبەرایەتییان دەکات. ئەوان دەورێکی بنەڕەتییان هەیە لە بەڕێوەبردنی دابونەریت و هەروەها پەروەردەکردن و ڕاهێناندا. لەگەڵ ئەمەش ئەوان هەرچەندە بەربەستکاران لە بەرامبەر رەفتارە بەلاڕێدابراوەکان، بەڵام هێزی ئیجراکردنیان لە بەدواداچوون و سزادانی تاوانکارەکاندا نییە. قەشەکان مافی هاوسەرگیرییان هەیە و هاوسەرەکانیان لە نێوان بژاردەکانی کۆمەڵگا هەڵدەبژێرن. ژنانیش بەو مەرجەی بە تەمەن و بێوەژن بن مافی بوون بە قەشەیان هەیە. لە کۆمەڵگای یوتۆپیادا پلەدارێکی دادوەری بەڕێز و حورمەتتر لە قەشەکان بوونی نییە و ژمارەی کاربەدەستانی دادیش کەمە.

### تاقیگەی مودێرنیتەی کۆمەڵایەتی

تۆماس مۆر کەمتر باسی دامودەزگا و ڕێکخراوەکان دەکات، زیاتر جەخت لە عەقڵی فەلسەفی، تایبەتمەندییەکان دابونەریتە بەختەوەر سازەکانی خەڵک یوتۆپیا دەکات. کەسایەتی داستانی رافائێل هیتلۆدەش لە دەرەنجامی قسەکانیدا دەڵێت کە هەوڵیداوە «ئەو» جۆرە لە کۆمار شیبکاتەوە»: تاکە شێوازی حکومەت کە دەتوانێت ناوی کۆماری لێبنرێت. بەپێی ئەو زۆربەی ئەو کەسانەی باسی بەرژەوەندی گشتی دەکەن لە راستیدا تەنیا بیر لە بەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە. ڕێگەچارەی خەڵکی یوتۆپیا بۆ لەناوبردنی ئەم سەرپێچییە لە کۆماردا، لەناوبردنی موڵکداری تایبەت نەک هەر لە مادديات بەڵکو لە مینۆکیشدایە. هۆکاری ئەوەی هەمووان لە یوتۆپیادا بە بەرژەوەندی گشتییەوە سەرقاڵن ئەوەیە، کە کەس خاوەنی هیچ شتێک نییە، بۆیەش موڵکداری تایبەت و گشتی دەبنە یەک. لەگەڵ ئەمەش لەم کۆمارە خوازراوەدا، ئاسەوارێک لە فەقیر و دەرۆزە نییە. هەموو کەسێک

جۆرێک موچەی خانەنشینی هەیە، چونکە «هەمووشتێک، چ بۆ ئەوانەی لە رابردوودا کاریان کردووە و ئێستا توانای کاریان نەماوە، چ ئەوانەی کە ئێستا خەریکی کارن، ژمێردراوە. هەرچەندە ئەندێشەی سڕینەوەی موڵکداری تایبەت و بوونی خەڵکانی پارێزکار، لە قۆناغی لەدایکبوونی سەرمایەداریدا، بووەتە هۆی دروستبوونی هەندێک بیرۆکەی لە دژی ئەمە، بەڵام دەبێ لە بەرچاو بگیرێت کە کردەوەی دوورگەی ئارمانی لە هەندێک لایەنەوە، موژدەدەری دەوڵەتێکی خاوەن بەڕێوەبەرایەتی مودێرنە. تەنیا دەوڵەتێکی بەتوانای خاوەن بەڕێوەبەرایەتییەکی دروست دەتوانێت پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان بە شێوەیەکی عاقڵانە رێکبخات. فەلسەفەی کۆمەڵایەتی تۆماس مۆر لە ئەنجامدا شتێک نییە جگە لەمە.

### دەربارەی ژیان و ئەندێشەی تۆماس مۆر

### یوتۆپیای سۆسیالیستی

مۆر هەرچەندە مەسیحییەکی بڕوامەند بە کڵێسای کاسۆلیکە، بەڵام بە شێوەیەکی جددی بیروڕای هیومانیستی هەیە و دەیەوێ بە شێوازێک، کە بونیانی دەسەڵاتی کڵێسای کاسۆلیک و پاپا زیان نەبینێت و نەهەژێت، جۆرێک هیومانیزمی بەڕواڵەت مەسیحیی و چەشنێک ریفۆرمیزمی ئایینی میانڕەو، برەو پێ بدات. تۆماس مۆر، بیرمەند و نوسەری بەریتانی خاوەن کتێبی بەناوبانگی «یوتۆپیا»، ساڵی 1478 چاوی بە ژیان هەڵێناوە. باوکی مۆر یاساناسێکی دانیشتووی لەندەن بوو. تۆماس قۆناغی سەرەتایی خوێندنی لە خوێندنگەی «سێنت ئانتۆنی» تەواوکرد، پاش ئەوەش ماوەیەک بۆ خزمەتکردن و پەروەردە، چووە لای پاپای کۆنەربێری، «ژان مۆرتۆن» ـ کە سەرۆک وەزیرانی پاشا هێنری حەوتەم بوو– لەسەر داوای مۆرتۆن لە مێرمنداڵیدا

چووە ئۆکسفۆرد. تۆماس مۆر هەروەک باوکی، دەستیکرد بە خوێندن لە یاسادا و لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا بووە ئەندامی «ئەنجومەنی یاسازانانی لینکۆڵن» ـ کە باوکیشی ئەندام بوو تێیدا. مۆر لە تەمەنی بیست و سێ ساڵیدا رووی کردە فێربوونی زمانی یۆنانی و هاوکات لەگەڵ ئاشنابوون بە ئەدەبیاتی کلاسیک کەوتە ژێر کاریگەری بزاڤی هیومانیزمی ئەدەبی. قۆناغی لاویەتی مۆر هاوکات بوو لەگەڵ ساڵانی بە لوتکەگەیشتنی رێنیسانس و گەشەی کارتێکردنی بیروڕای هیومانیستی (هیومانیزم بە واتای بونیات و بنیچینەی سەرەکی جیهانبینییەک، کە بانگەشەکەری مودێرنیتە بو نەک تەنیا هیومانیزمێکی ئەدەبی) ئەو هەرچەندە بڕوایەکی بەهێزی بە ئایین هەبوو، لە هەمانکاتدا مەیلی بە لای شێوازێک لێکدانەوەی هیومانیستی ئایینی بوو وەک ئەوەی ئەراسمۆس کردبووی. تۆماس مۆر لە گەنجیدا ئەراسمۆسی ناسی، ئەم ئاشناییە بووە هۆی هاوڕێیەتییەکی قووڵ و درێژماوە کە تا کۆتایی تەمەنی مۆر بەردەوام بوو. تۆماس مۆر لە تەمەنی بیست و شەش ساڵیدا هاوسەرگیری کرد. لە سەرەتای ساڵەکانی هاوسەرگیریدا دەستی دایە نوسینی کتێبی مێژوویی «ژیانی ریچاردی سێهەم» بە دوو زمانی ئینگلیزی و لاتین، هەڵبەت تا کۆتایی تەمەنی نەیتوانی هیچ کام لەم دوو کتێبە تەواو بکات، بەڵام ئەو دەقانەی ئێستا ماونەتەوە، گرنگ و باڵکێش دەردەکەون. لە بواری مێژوویی ـ فەرهەنگی و لە روانگەی پەیوەندی مۆر لەگەڵ دونیای مودێرن دەتوانین بڵێین؛ مۆر بە گشتی نووسەر و بیرمەندێکی هیومانیستە و دەکرێ ئەمە لە ناوەرۆک و هەوێنی بەرهەمە بەناوبانگەکەی «یوتۆپیا»وە تێبگەین. هەڵبەت مۆر بڕوای ئایینی هەیە و دەکرێ لە ریزی لایەنگرانی بزاڤی چاکسازی ئایینی ـ هەڵبەت نەک بە شێوازی مارتین لۆسەر، بە یەکجاری و بە تەواوی ریفۆرمیست نییە، ئەو بڕوای بە گشتگیریی کڵێسای

کاسۆلیک و پاراستنی ئەم کڵێسا هەیە، بەڵام لە هەمانکاتدا بیری هیۆمانیستی هەیە، کە ئەمە ئەو بە جیهانی مۆدێرنینەوە گرێدەداێ. خێزانی مۆریش لە سەردەمی خۆیدا لە ڕێزی پێشڕەوانی ڕووکردی هیومانیستی و مۆدێرندان. تۆماس مۆر لە پێکهاتەی سیاسی بەریتانیا، لە قۆناغی هێنری هەشتەمدا، بە خێرایی پلەی بەرز بووەوە و گەیشتە پلەی «لۆرد چانسلێر» (واتە گرنگترین پلەی سیستمی داد لە دوای پاپی گەورەی کۆنتەربێری). مۆر هەروەها بووە سکرتێری هێنری هەشتەم و لەم ڕووەوە بەردەوام لەگەڵێدا پەیوەندی هەبوو. هەڵبەێ هەر ئەم پێگە نزیکە لە پاشا لە بواری حکومەتیدا، لە کۆتایی تەمەنیدا، ئەوەی خستە هەلومەرجێکی دژوار و بووە هۆی کوشتنی. ساڵەکانی گەنجی و پێگەیشتنی هزری و کەسایەتی مۆر هاوکاێ بوو لەگەڵ رەونەق و برەوی ئایدیا هیومانیستییەکان. ساڵی 1511 ئەراسمۆس (بیرمەند و قەشەی ریفۆرمیستی پۆلۆنی کە هاوڕێی نزیکی مۆریش بوو) کتێبە بەناوبانگەکەی خۆی واتە «لە پەسەندی شێتیدا»ی بڵاوکردەوە. دوو ساڵ دواتر واتە ساڵی 1513 میکاڤیلی کتێبی «شایار»ی چاپ کرد، کە دەکرێ بە شێوازێک وەک دەربڕی شێوەی فەلسەفەی سیاسی مودێرن لە قەڵەم بدرێێ. چوار ساڵ دواتریش مارتین لۆسەر بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە رەخنەگرانەکەی خۆی لە دژی کڵێسای کاسۆلیک، بەکردەوە بزاڤی مەزنی ریفۆرمیزمی ئایینی جیهانی مەسیحییەتی دەستپێکرد. ئەو ریفۆرمیزمەی لەژێر ناوی «چاکسازی ئایینی» یان ئەو ناوەی دواتر لێی نرا، پرۆتیستانیزمی مەسیحی لە ئەوروپای ناوەڕاست دەرکەوێ و برەوی ستاند، کە لە راستیدا ئەڵقەی تەواوکەری رەوتی گەشەی مێژوویی ـ فەرهەنگی دونیای مۆدێرن و ئەندێشەی هیومانیستی بوو. تۆماس مۆر لەگەڵ شێوازی ڕووکرد و روانینی لۆسەر بۆ کڵێسای کاسۆلیک هاوڕا نەبوو. لە راستیدا مۆر هەرچەندە مەیل

و ئەندێشەی هیومانیستی و هەروەها بڕوای بە پێویستی ریفۆرمیزم لە ئایینی مەسیحییەتدا هەبوو، بەڵام لەگەڵ تێکشکانی بونیاتی گشتی کڵێسای کاسۆلیکدا نەبوو و لەم روانگەیەوە زیاتر لە ئەراسمۆس نزیک بوو.

بە دەربڕینێکی دی دەکرێ بڵێین مۆر و ئەراسمۆس ریفۆرمیستی میانڕەو و مامناوەند بوون، لە حاڵێکدا مارتین لۆسەر بەکردەوە بەرەو تێکشکانی سنوورەکان و بونیاتی کڵێسای کاسۆلیک و جوودابوونەوە لێی، هەنگاوی هەڵدەگرت. کاتێک لۆسەر خوێندنەوە نوێیەکەی خۆی بۆ مەسیحییەت گەڵاڵە کرد، مۆر لە دژی هەڵوێستی نواند و لە چوارچێوەی هەندێک námilkە و وتاردا وەڵام و بیروڕاکانی لۆسەری دابۆوە، بەرگری لە پاپ و کڵێسای کاسۆلیک کرد لە راستیدا مۆر، تا ئاستێکی زۆریش ئەراسمۆس خوازیاری ریفۆرمی مۆدێرن و هیومانیستی لە کڵێسادا بوون، بەڵام بە شێوازێک کە درز نەکەوێتە کڵێسا و ئەمە شتێک بوو لە دژی ئەو رەوتەی لۆسەر گرتبوویە بەر. کتێبە سەرەکییەکەی مۆر کە تێیدا بیروڕاکانی خۆی گەڵاڵە دەکات ناوی «یوتۆپیا»یە

کە 1516 واتە ساڵێک پێش لە دەستپێکردنی بزاڤی پرۆتستانیزم بە سەرۆکایەتی مارتین لۆسەر، بڵاو کرایەوە. یوتۆپیا دەربڕی دەرک و خوێندنەوەی تۆماس مۆر بۆ شاری چاکانە. یوتۆپیا شارێکە لەسەر بنەمای عەقڵ و سیستمی یاسادانانی مرۆیی، لەم رووەوە هیومانیستییە، یوتۆپیا شارێکی ئایدیالییە کە لە بەرەبەیانی دەرکەوتنی شارستانییەتی مودێرن لەسەر بنەمای بڕوا بە مافی یاسادانان و مافی دەسەڵاتداری بۆ مرۆڤ (لە بەرامبەر ئەو بیرۆکەیەی، کە مافی یاسادانان و مافی دەسەڵات بە هی خودا دەزانێت) شکڵ رێژ کراوە. ئاسۆی زاڵ لەم شاری چاکانەدا، هیومانیستییە، بەڵام لایەنی زاڵی سەرنجی تۆماس مۆر بەرەو شێوازی سۆسیالیستی ژیاری

مۆدێرنە نەک بەرەو شێوازە لیبڕالیستییەکەی. لەم رووەوە دەتوانین یوتۆپیا وەک باوکی هزری شاری چاکانی سۆسیالیستییەکانی سەدەی نۆزدە لە «سان سیمۆن»ەوە تاوەکوو «مارکس» بێنینە ئەژمار. تۆماس مۆر لە یوتۆپیادا سەرقاڵی دارشتنی کۆمەڵگایەکی خەیاڵییە، کۆمەڵگایەک کە لەسەر بنەمای پرەنسیپی دەسـەڵات و یاسادانانی مرۆیی بەڕێوەدەبرێت و شێوازێکی دیموکراسی مودێرن تێیدا باڵادەستە. لەم کۆمەڵگایەدا پاشا بە شێوەی ناڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت و موڵکداری تایبەت تێیدا بوونی نییە. خەڵک لەڕێستورانتە گشتییەکان نان دەخۆن و کاتژمێری دیاریکراو و ڕێکوپێک بۆ کار و خەو و بەتاڵی هەیە. یوتۆپیا بە تایبەت لە روانگەی ئەو رووکردەی بۆ ئایین و بڕوامەندی هەیەتی وێکچوونێکی زۆری لەگەڵ ژیاری مۆدێرن هەیە. ئەو جۆرە کە مۆر دەڵێت لە یوتۆپیادا، خەڵک خاوەن ئایینی جیاوازن و تەنانەت هەندێک کەس مانگ و ئەستێرەش دەپەرەستن. شێوەیەک لە پێکەوەگونجان و هەڵکردن بەسەر فەزای گشتی ئەم شارەدا زاڵە. لە راستیدا بیرۆکەی باڵادەست لە فەزای یوتۆپیادا بە جۆرێکە، دەڵێی جیاوازییەکی جیددی لە نێوان بڕوای ئایینی و بیروڕا کوفرئامێزەکاندا نییە، ئەوەی بۆ رێبەران و خەڵکی یوتۆپیا گرنگە، بەرگری و پاراستنی بونیاتی گشتی ژیاری یوتۆپیایە و ئەم ژیارەش بەر لەوەی ئایینی بێت، زیاتر لە سیستمی ژیاریی سکۆلاری دەچێت. هەرچەندە لە یوتۆپیادا هەموو پڕوا ئایینییە راست و ناڕاستەکان ئازادن (تەنانەت بڕوا کوفرئامێزەکانیش) بەڵام روانگەیەکی نەرێنی و نێگەتیڤی بۆ ماتریالیستەکان هەیە. یۆتوپۆس دامەزرێنەری یوتۆپیا رەفتارێکی توندی بۆ ماتەریالیستەکان هەیە. سەرنجڕاکێشە لەگەڵ ئەوەی تۆماس مۆر مەسیحییەکی بەبڕوایە، بەڵام خەڵکانی یوتۆپیاکەی بەشێکی کەمیان مەسیحین، لە راستیدا لە ئاسۆی هزری مۆردا دەڵێی مەسیحیبوون

به بنەمای پێویست بۆ بەختەوەری کۆمەڵگا نایەتە ئەژمار، ئەمەش هەڵبەت هێمایەکی دی بۆ رۆحی هیومانیستی زاڵ لە یوتۆپیایە. مۆر لە رەفتاری سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆیدا بە تایبەت ئەو کاتە لە دەسەڵاتدا بوو، کردە پراکتیکێکی پشتبەستوو بە پێکەوە گونجان و هەڵکردنی (بەو شێوەی لە یوتۆپیادا باسی دەکات) نەنواند، بەڵکو لە پلەی دادوەرێکی بە دەسەڵاتدا لەدژی پرۆتستان و هەڵگەڕاوەکان دەستی دایە توندوتیژی. بە هەر حاڵدا ئەوەی مۆر لە یوتۆپیادا ئاڕاستەی دەکات، وێنەیەکی پوخت لە کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی مۆدێرنە کە لەسەر بنەمای هیومانیزم (نەک خوداتەوەری و دەسەڵاتی یاسای ئایینی) هەڵدەسووڕێت، هەرچەندە ئایین و ڕاهیبی ئایینی دەور و پلەیەکی گرنگیان تێیدا هەیە، بەڵام رۆحی گشتی زاڵ لە یوتۆپیادا لە روانگە هیومانیستی و شێوازەکانی دیموکراسی مودێرنەوە وەرگیراوە. بەشی زۆری گرنگی یوتۆپیا وەک بەرهەمێک لە پانتای ئەندێشەی کۆمەڵایەتی و تا ئاستێکیش ئەندێشەی سیاسی، هەر لەم روانگەوەیە، کە دەرکەوتن و پەیدابوونی رۆحی هیومانیستی لە بەرەبەیانی شارستانییەتی رۆژئاوای مۆدێرن لە چوارچێوەی شارێکی چاکاندا نیشاندەدات. هەر ئەم تایبەتمەندییەیە کە یوتۆپیا لە زۆر لایەنەوە لە «شاری هەتاو» بەرهەمی کامپانێلا و «ئاتلانتیسی نوێ» بەرهەمی فرانسیس بیکەن، نزیک دەکاتەوە و لە نێوان ئەمە و شاری چاکانی ئەفلاتۆندا مەودایەک دروست دەکات.

کۆتایی ژیانی مۆر و زۆر تاڵ و تراژیکە. مۆر وەک مەسیحییەکی بڕوامەند بە کڵێسای کاسۆلیک لە دژی هاوسەرگیری هێنری هەشتەم لەگەڵ «ئان بۆلین» بوو (چونکە هێنری هەشتەم ژنێکی دیکەی هەبوو بە ناوی «کاترین» کە بەپێی رێساکانی کاسۆلیک نەیدەتوانی تەڵاقی بدات، مەگەر ئەوەی پاپا ئیجازەی پێ بدات و وادیار بوو پاپا ئیجازەی نەدابوو. بەمجۆرەش

هێنری بێ ئەوەی رای پاپا لە بەرچاو بگرێت کاترینی تەڵاق دا، لەگەڵ ئان هاوسەرگیری کرد و چاوەڕوان بوو تۆماس مۆر دان بە راستی و دروستی ئەم تەڵاق و هاوسەرگیرییەدا بنێت، بەڵام مۆر وەک مەسیحییەکی بەوەفا بۆ پاپا، ئامادە نەبوو ئەمە بکات و بەهایەکی قورسی بۆ ئەم دژایەتییە دا. سەرەتا پلە حکوومییەکانی لێ سەندرایەوە، دوایی زیندانی کرا و دواتر لە ساڵی 1533 بە فەرمانی هێنری هەشتەم ئیعدام کرا. دەتوانین بڵێین ئیعدامکردنی مۆر، سزای ئەوە بوو کە ئامادە نەبوو ویستی هێنری هەشتەم بۆ سەرۆکایەتی کڵێسای بەریتانیا ( بەمجۆرەش نکۆڵی لە دەسەڵاتی پاپا لە کڵێسای کاتۆلیک) قەبووڵ بکات، بۆیەش لە ئەنجامدا ئیعدام کرا.

# تۆماس مۆر
# ئەنتی سونەتیزم

محمد علی زندی

تۆماس مۆر دوای میکاڤیلی، گرنگترین نوسەری سەدەی شانزە و یەکێک لە بیرمەندانی قۆناغی ڕێنیسانسە. ئەو ڕەخنەی لە فەلسەفەی مەکتەبی دەگرت و پێی وابوو کۆمەڵگای قەشەکان دەبێ لە ناوەوە ڕێکبخرێنەوە. زیرەک و قسەخۆش و وریا بوو، بەڵام بە واتا باوەکەی فەیلەسووف نەبوو. ئەو هیومانیست ، بەڵام لە هەمانکاتدا دیندار بوو. تۆماس مۆر ساڵی 1472 لە خێزانێکی بەڕەچەڵەک ڤینیسیایی کە بۆ بەریتانیا کۆچیان کردبوو، لە لەندەن لەدایکبوو. باوکی دادوەری ئەنجومەنی پاشایەتی و لە خانزادانی پلەدوو بوو. تۆماس مۆر لە ئۆکسفۆرد دەستی بە خوێندنی زمانە کلاسیکییەکان (یۆنانی و لاتینی) کرد، لەوێ لەگەڵ ئەراسمۆس ئاشنا بوو لە ئەنجامی فێربوونی زمانی یۆنانی، کتێبی «ستەمکارکوژی» بەرەمی لووسییەنی لە یۆنانییەوە وەرگێڕایە سەر لاتینی، بە هۆی ئەوەی لەو سەردەمەدا فێربوونی زمانی یۆنانی باو نەبوو، پێیانوابوو کە مەیلی بەرەو کوفری سەردەمی کلاسیک هەیە، کاربەدەستانی زانکۆ و باوکیشی لە بەرامبەریدا راوەستان و مۆر لە زانکۆ دەرکرا. لە تەمەنی نۆزدە ساڵیدا لە رۆما زنجیرەیەک وتاربێژی دەربارەی «شاری خودا»ی ئۆگۆستین پێشکەش کرد. ماوەیەک دواتر چووە یەکێک لە پەرستگاکانی ڕێبازی شارتەر و ماوەی چوار ساڵ بێ ئەوەی سوێندە سیانییەکەی ئەوێ بخوات (هەژاری، پێملبوون و پاکی) لەوێ مایەوە، دواتر گوایە بە وتەی ئەراسمۆس ـ پاپای کامبەرای ـ پەرستگەی بەجێنەهێشت، هاوسەرگیری کرد و دەستی بە کاری پارێزەری کرد.

مۆر ساڵی 1504 بوو بە نوێنەری پەرلەمانی عەوام لە بەریتانیا و سەرۆکایەتی بەرەنگاربوونەوەی هێنری حەوتەم بۆ زیادکردنی باجی لە ئەستۆگرت. لەم کارەدا سەرکەوت بەڵام پاشا قینی لێ هەڵگرت. لەگەڵ مردنی پاشا لە ساڵی 1509، مۆر گەڕایەوە سەرکاری پارێزەری و کەوتە بەر لوتف و سەرنجی هنری هەشتەم و ساڵی 1514 نازناوی «سێر»ی پێ بەخشرا. وەک سەفیر نێردرایە چەند ئەرکێک. دوای لەسەر کار لابردنی «ڤێلسی» هێنری هەشتەم مۆری کردە سەرۆک وەزیران، بەڵام زۆر زوو شا لێی بەقیندا کەوت. کێشەی مۆر لەگەڵ شا دەگەڕایەوە بۆ ئەو بڕیارەی کە شا دەیخواست ژنەکەی خۆی واتە «کاترین ئارگۆسن» تەڵاق بدات و لەگەڵ «بۆلین» هاوسەرگیری بکات. ئەنجامی ئەم کێشەیە لەسەر کار لابردنی مۆر لە 1532 بوو، بەڵام ئەوەی مۆری بە کوشتن دا خۆ بەدووگرتن لە سوێندی سەرۆکایەتی بوو، کە شا ئەمری کردبوو. شا لە 1534 پەڕلەمانی ناچار کرد یاسای سەرۆکایەتی بپەرژێنن. بەپێی ئەم یاسایە شای بەریتانیا دەیتوانی لەشوێنی پاپا، سەرۆکایەتی کڵێسای بەریتانیاش بکات. لەم یاسایەدا، سوێندی سەرۆکایەتی یان باشتر بڵێین پەیمانبەستن لە بەرچاو گیرابوو، مۆر سەرپێچی لەو سوێندخواردنە کرد و بە تاوانی خیانەت بە بەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات تاوانبار کرا و لە 1535 ئیعدام کرا.

**ئەندێشەی سیاسیی مۆر**

پوختەی ئەندێشەی سیاسیی مۆر ئەمە بوو، کە ناکرێ کۆمەڵگا لە رێگەی دانانی یاسای چاکەوە، چاک بکرێت، چونکە سەرەڕای هەبوونی یاسای باش، دیسان کێشە و پرسەکان وەک خۆیان هەن. لەسەر ئەم بنەمایەش بەر لەوەی سەرقاڵی یاسای باش بۆ چاککردنی

کۆمەڵگا بین، دەبێت هۆکاری روودانی کێشەکان شی بکرێنەوە. ئەو بۆ ئەوەی ئایدیاکەی خۆی بکاتە نووسین لە مەودای ساڵانی 1510 بۆ 1516 کتێبی یۆتۆپیای لە ژێر کاریگەری کۆماری ئەفلاتۆن و کتێبی «پەسەندی شێتی» بەرهەمی ئەراسمۆسی نوسی، کە نیشان دەدات ئەوەندە کردەی نادادوەرانە لە کۆمەڵگادا نییە. لەم کتێبەدا لە دوو بەشی جیاوازدا دەست دەداتە شیکردنەوەی دۆخی قەیراناوی بریتانیا، دواتر لە بەشی دووەمدا تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگایەکی ئارمانی وێنا دەکات. کتێبێکی دیکەی مۆر، «ئاسوودەیی لە بەرامبەر خەم»ـە، کە لە زیندان نوسیویەتی.

### بەشی یەکەمی کتێبی یوتۆپیا

یوتۆپیا بە شیکردنەوەی دۆخی ژیانی بەریتانیای سەرەتای سەدەی شازدە دەستپێدەکات. ئەو دۆخە زۆر دڵخواز نییە، چونکە ئاسەوار و کاریگەری شەڕە ناوخۆییەکانی نیوەی کۆتایی سەدەی پازدە کە وڵاتی راکێشی ناو هەژاری و خوێن کردبوو، هەنووکەش دیار بوو. کێشمەکێشی ناوخۆیی و ئەو ئازار و ئەشکەنجانەی کە گروپە سەرکەوتووەکان بە پێی داب و نەریت دەیانسەپاند بەسەر دۆڕاوەکاندا، ببووە هۆی ئەوەی کە ژمارەیەکی زۆر لە خێزانە کۆنەکانی خانزادەی بەڕەچەڵەک نۆرماندی لەناو بچن و هەندێک خێزانی دیکە، کە لە رابردوودا ناویان نەبوو گەیاندە پلەی باڵا، هەر بەو جۆرەی قۆناغی ئاڵۆزی و پشێوی و گۆڕانکاری خێرا لە چارەنووسی خەڵکدا دروستدەکەن.

جگە لەمانەش هەندێک خەڵک خوویان وابوو، کە بژێوی خۆیان لە رێگەی کارکردن لە پیشەی سەربازی دابین بکەن، کاتێک شەڕە

ناوخۆییەکان کۆتایی پێهات بەشێکی زۆر لە میلەتە کۆنەکان، دەستیان کرد بە ڕێگری و چەتەیەتی کە لە ئەنجامی ئەمەدا، ئاسایشی ڕێگەوبان و موڵکە تایبەتەکان کەوتە مەترسییەوە. بە هۆی هەناردەکردنی روو لە زیادبوونی خوریی بەریتانیا بوو، فلاندەر گەلێک لە کێڵگەکانی دانەوێڵە کرابووە لەوەڕگە. ئەم گۆڕانی شێوەی بەکارهێنانی کێڵگەیە، موڵکدارەکانی دەوڵەمەندتر کردبوو، بەڵام ببووە هۆی گرانبوونی نرخی نان و زۆربوونی ژمارەی بێکارەکان. دەرئەنجامی ئەم دۆخەش بووە هۆی کەمبوونەوەی حەقدەستەکان هەرچەندە کورت ماوە بوو، بەڵام ئاسەواری کارەساتباری بەجێهێشت. بەم حاڵەشەوە یاسادانەران بە توندکردنەوەی سزاکان ویستیان چارەیەک بۆ ئەم دۆخە بدۆزنەوە. بۆ نمونە سزای ڕێگری و چەتەیی لە جاددە سەرەکییەکاندا، مەرگ بوو. تەنانەت ئەگەر ئەم چەتەییە کوشتنی مرۆڤیشی لێ نەکەوتبێتەوە.

**بەشی دووەمی یوتۆپیا**

تۆماس مۆر لەبەشی دووەمی کتێبەکەدا کۆمەڵگایەکی نمونەیی وێنا دەکات و دادەڕێژێت. یوتۆپیا شیکردنەوەی وڵاتێکی گریمانەییە بەناوی «ئابراسکا» کە لە نیوەگۆی باشووردایە و پاشاکەی واتە «یۆتۆپۆس» فەرمانی داوە، کە دەوروپشتی خاکی ئەو وڵاتە وەک کاناڵ هەڵبکەنرێت و وەک دوورگەیەک لە وڵاتانی دیکە جودا بکرێتەوە. کەسێک بە ناوی کاپتەن «رافائێل هیتلدۆ» لە کاتێک بەدوای «ئامریکۆ ؟؟؟»دا دەریاوانی دەکات بە هەڵکەوت ڕێگەی دەکەوێتە ئەو شوێنە و پێنج ساڵ ژیانی لەوێ دەباتە سەرو تەنیا بەو مەبەستە دەگەڕێتە وە بۆ ئەوروپا، کە بونیاتی عاقڵانەو دادپەروەرانەی ئەم دوورگەیە بە ئەوروپییەکان بناسێنێت.

شاری خەونەکانی مۆر، کۆمەڵگەیەکی سیاسییە کە شێوەی حکومەتەکەی دیموکراسی پەرلەمانییە و پەرلەمانتاران و کاربەدەستانی دەوڵەت لە 54 شارەوە بە هەڵبژاردنی ناڕاستەوخۆ هەڵدەبژێردرێن. هەڵبژاردن بەم شێوەیە کە هەموو سی خێزانێک، گروپێک پێکدێنن، هەموو گروپێک، بەڕێوەبەرێک یان نوێنەرێک بە ناوی «فیلارک» هەڵدەبژێرن کە بۆ ماوەی یەک ساڵ بەرپرسیار دەبێت. هەر دە بەڕێوەبەر کەسێک لەنێوان خۆیاندا هەڵدەبژێرن و ئەم ڕەوتە بەردەوامە، تاوەکوو دەرەنجام چوار کەس هەڵدەبژێرن و لە نێوان ئەوانەدا کەسێک وەک پاشا هەڵدەبژێرن، کە تاوەکوو کۆتایی تەمەنی یان ئەو کاتەی لە یاسا سەرپێچی نەکات، لە شوێنی خۆیدا دەمێنێتەوە. بەڕێوەبەران ئەنجومەنێکیان هەیە جگە لە ئەنجومەنی بەڕێوەبەران، پەرلەمانێکی نەتەوەییش هەیە کە یاساکان ڕێکدەخات.

یوتۆپیا 54 شاری هەیە کە جگە لە پایتەخت، هەموویان بە یەک نەخشە دروستکراون، هەموو دوو ساڵێک خانووەکان پێکەوە دەگۆڕنەوە. هەموو خەڵک جۆرێک جلوبەرگ لەبەردەکەن، بەڵام جلوبەرگی ژنان و پیاوان و خێزاندار و بێخێزان جیاوازە. هەموو شتێک هاوبەشە. سێ خێزان پێکەوە نان دەخۆن، دەوڵەت بە وردی هاوسەرگیری ڕێکدەخات. کچان بەر لە هەژدەساڵی و کوڕان بەر لە 22 ساڵی مافی هاوسەرگیرییان نییە. هەرجۆرە لادانێک بەر لەم تەمەنانە بە توندی سزا دەدرێت. بووک و زاوا پێش هاوسەرگیری بە رووتی سەیری یەک دەکەن، تاوەکوو ئاگاداری کەموکوڕییەکانی یەکدی بن. ئەگەر کەموکوڕییەک لە جەستەدا هەبێت لە هاوسەرگیرییەکە پەشیمان دەبنەوە و بەمجۆرەش بەر بە تەڵاقی دوایی دەگیرێت. چەند هاوسەری ڕێگەپێدراو نییە و تەڵاقیش

پەسندکراو نییە، بەڵام لە حاڵەتی پەسندکراودا پاش بەدواداچوونی ورد و تەواو، دەکرێ هاوسەرگیری هەڵبوەشێنەوە. لە حاڵەتێکدا کە ژمارەی منداڵەکانی خێزان زیاتر لە ئاستی پێویست زیادی کرد، منداڵە زیادەکان دەدرێنە ئەو خێزانانەی منداڵیان نییە. ئەگەر شارێک زیاتر لە ئاست گەشە بسەنێت، بەشێک لە دانیشتوانی دەگوازرێنەوە بۆ شارێکی دیکە.

لە دوورگەکەدا هەندێک کۆیلەش هەبوون، کە بە کاری سووک و پیسەوە سەرقاڵ بوون. هەندێک لەم کۆیلانە لەو هاووڵاتییانەن کە تاوانیان ئەنجام داوە و لەم رێگەوە سزا دەدرێن. بەشێکی دیکە لە کۆیلەکان، ئەسیرانی شەڕن. لەوێ یاسا کەمە و تاوان کەمتر. پێویست بە یاسای توندڕەوانە ناکات، چونکە موڵکداری تایبەت بوونی نییە کە پێویست بە پاراستن بکات. کەس ناتوانێت هیچی ببێت مەگەر ژنێک یان مێردێک. لەم رووەوە تاکە تاوان، تاوانی گرێدراوی پەیوەندییەکانی ژنان و پیاوانە.

سەرەکیترین یاسای ئەم دوورگەیە، سڕینەوەی موڵکداری تایبەتە. چونکە زەوی، خانووبەرە، کارگە و سەرچاوە سروشتییەکان موڵکی دەوڵەتە. دراو و گرێبەستی تایبەتی نێوان تاکەکان سڕدراوەتەوە، سەرجەم دانیشتوان لەسەریانە بە نۆبە لە کاری کشتوکاڵ و کارەکانی دیکەشدا خزمەت بکەن. کاری سووک وەک مشەخۆری، چەتەیی، نۆکەری، بانکداری و خاوەن موڵکی بوونی نییە. شەش کاتژمێر کاری رۆژانە بەسە بۆ ئەوەی پێویستییەکانی کۆمەڵگا دابین بکرێت، هەموو خێزانێک دەتوانێت بچێتە ئەنبارە گشتییەکان و ئەوەندەی پێویست، کەلوپەل هەڵبگرێت. ئەم ئازادییە لە هەڵگرتنی کەلوپەلدا نابێتە هۆی زۆربوونی بەرخۆری، چونکە هیچ چەشنە مۆدەگەرایی و مەیل بۆ ئەنبارکردنی کاڵا لە خەڵکدا نابینرێت.

لە یوتۆپیا سەرجەم ئایینەکان خاوەن ئازادی تەواون. تەنانەت

هیچ سزایەک بۆ کافر و بێدینەکان لەبەرچاو نەگیراوە، بەڵام لە کارکردن لە بەشی گشتی و مافە مەدەنییەکان بێبەشن. ئایینی زۆربەی دانیشتوانی یوتۆپیا دێئیزم یان خوداپەرستی هاوڕێ لەگەڵ سروشت پەرستییە. توندڕەوی ئایینی، سووکایەتیکردن بە ئایینەکانی دیکە و شتی لەم چەشنە بە تەواوەتی قەدەغەیە و سزاکەی دوورخستنەوەیە لە دوورگە. دانیشتوانی بۆ یوتۆپیا بڕوایان بەوە نییە، کە لە هەموو ئایینەکان وەک یەک دروستن، بەڵکوو وا بیردەکەنەوە کە لەژێر دەسەڵاتێکی پێکەوە هەڵکردنی ئایینی، هەمووکەس دەتوانێت ئایینی راستەقینەی خۆی بدۆزێتەوە. لەوێ مامۆستایانی ئایینی خاوەن فەزیلەتی تایبەتن، ژمارەیان کەمە و لە رێگەی خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن. بەرپرسیارییەتی ئەوان بەرگری لە پیرۆزەکان، پەرستنی خودا و چاوەدێری رەفتاری خەڵکە.

سیاسەتی دەرەکی یوتۆپیا وەک سیاسەتی دەرەوەی بەریتانیا، کە لە سەردەمی پاشایەتی شاژن ئێلیزابێسەوە تاوەکو سەدەی نۆزدە و پێدەچێت تا سەدەی بیستیش پیادە دەکرا. دوورگەی یوتۆپیا لە پاڵ کیشوەرێکی گەورەدا بوو. سیاسەتی دانیشتوانی یوتۆپیاش ئەمە بوو، کە هیچ کام لە دەوڵەتەکانی ئەم کیشوەرە بە کەڵکوەرگرتن لەوانی دیکە نە چێتە پێگەیەکی سەرترەوە. لەم رووەوە دانیشتوانی دوورگەکە بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدا بوون، کە لەگەڵ دەوڵەتانی لاوازتر ببنە هاوپەیمان و لە ناوخۆیی ئەو وڵاتانەی لە هەوڵی زاڵبوون بەسەر ئەوانی دیکەدا بوون، دژایەتی و چەندبەرەکی ساز بکەن. ئەوان پێیانوابوو جەنگ، خراپییەکی رەوایە، لەم رووەوە دانیشتوانەکەی نەدەکەوتنە شەڕەوە، جگە لەم سێ حاڵەتە:

1. بەرگری لە وڵاتەکەیان لە کاتی هێرشی بێگانەدا.
2. رزگارکردنی وڵاتانی هاوپەیمان لە دەستی داگیرکەران.
3. رزگارکردنی ئەو نەتەوانەی لەژێر فشاری حکومەتە زاڵمەکاندان.

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش، کە ئایا تۆماس مۆر بە نوسینەوەی سیستمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کتێبی یوتۆپیادا بە هیوا بوو دەرەنجامی کردەوەیی دەست بکەوێت؟ ئایا بەڕاستی لەسەر ئەو بڕوایە بوو، کە دەکرێ رێکخراوەیەکی کۆمەڵایەتی بەپێی ئەو شتەی ئەو لە کتێبەکەیدا وەسفی کردبوو، دابمەزرێت؟ وەڵامی ئەم پرسیارانە دەکرێ لەو دەرئەنجامەی کۆتایی کتێبەکەیدا بدۆزرێتەوە. لە دەرەنجامەکەدا مۆر جەخت دەکاتەوە کە یوتۆپیا ناکرێت بە شێوەیەکی نەناسراو بکرێتە مودێل، بەڵام دەتوانێت فێری گەلێک شتمان بکات بۆ ئەوەی هەلومەرجی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەوروپا کە گەلێک کەموکورتی تێدایە، چاکسازی تێدا بکەین.

بەرهەمەکەی مۆر کاریگەرییەکی قووڵی لە شکڵگرتنی بیرۆکەی کۆمۆنیزم بە تایبەت لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەدا هەبوو، بەڵام بەر لەوەی ئەو کاریگەرییە دوورە دابنێت، ناکرێ کاریگەرییەکەی لەسەر ئەو بزاڤەی لە بواری زەمەنییەوە لێی نزیکتر بوو، لە بەرچاو نەگرین و ئەمەش ئەو کاریگەرییەیە، کە لەسەدەی شازدە لە شێوەی بیرکردنەوەی ئەو کەسانە داینا، کە بزاڤی ئایینی مەیلەو سۆسیالیستییان لە ئەڵماندا بەڕێوەدەبرد.

**جیاوازی کۆماری ئەفلاتۆن و یوتۆپیای مۆر**

1. کۆماری ئەفلاتۆن ئەریستۆکراتییە، کە فەیلەسووف شایەک تێیدا دەسەڵاتدارە. لەوێدا خەڵک پێگەیەکیان نییە، بەڵام یوتۆپیای مۆر، دەوڵەتێکی یەکجار دیموکراتیکە. دەسەڵاتێک لەسەر دەستی خەڵک بۆ خەڵک. خەڵک نەک هەر بەڕێوەبەران هەڵدەبژێرن، بەڵکوسەرچاوەی

کۆتایی هەمو هێز و دەسەڵاتێکن.

2. مۆر کۆمۆنیزمی ئەفلاتونی بۆ ژنان و منداڵان ناپەرژێنێت و خێزان بە بنەمای ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی دەزانێت.

3. مۆر پێکەوە ژیانی ئایینە جیاوازەکان پەسند دەکات، بەڵام لە کۆماری ئەفلاتوندا دەوڵەت شوێنی خودا دەگرێتەوە و سەرجەم هاوڵاتییان دەبێ بیپەرەستن و ڕێزی لێبگرن. هیچ ئایینێکی دیکە نابێ ببێت و لەگەڵ هیچ ئایینێک هەڵناکات. مۆر بە تەواوەتی سیاسەت لە ئایین جودا دەکاتەوە.

4. لە کۆماری ئەفلاتوندا سێ توێژ، کە نوێنەری سێ توخمە لە زەینی مرۆڤدا بوونی هەیە. مۆر مرۆڤەکان پۆلێنبەندی ناکات و هەموویان بە یەکسان دەزانێت.

5.بنەمای کۆماری ئەفلاتون، دادپەروەرییە، دادپەروەری وەها پێناسە کـراوە کە هەمووکەس لە کاتێکدا سەرقاڵی کارێکە، دەست وەرنادانە کاری دیترانەوە. لە شاری چاکانی مۆردا دادپـەروەری وەک بەرابەری مرۆڤەکان پێناسە کراوە و گرنگی نەدراوە بە لێزانی و پسپۆڕی، ئەمە لە کاتێکدا لە کۆمار پسپۆڕی و کارزانی گرنگی پێدراوە.

6. لەیوتۆپیای مۆردا پێویستە هاووڵاتییان ڕاهێنان و پەروەردەی سەربازی بکرێن، بەڵام لە کۆماردا تەنیا ئە وانەی هێزی مۆراڵ تێیاندا سەرترە، بۆ ڕاهێنانی سەربازی هەڵدەبژێردرێن.

# تۆماس مۆر و میکاڤیلی
# دوو خەیاڵگەرای مەزن

داریووش ئاشووری

سـەدەی شانزە رۆژگـارێـکـی سـەیـرە، کە تێیدا بە شکۆیەکی سەرسووڕهێنەر، شتێک بە ناوی ئەوروپا و ژیاری ئەوروپی لە هەناوی جیهانی سەدەکانی ناوەڕاستەوە سەر هەڵدەدات. هێزگەلێک کە لە سەدەی دوانـزەوە هێدی هێدی کۆی سەریەک بـوون، لە سـەدەی چـواردەوە لەگەڵ رێنیسانسی ئیتاڵیا توندتر گووشرابوونە یەک، لەم سەدەیەدا هێزی بەرهەمهێنی خود لە لایەکە بۆ لەتکردنی سنگی ئۆقیانووس، دەریاکان لەسەر دەستی دەریاوانە نەترس و ئازاکان بۆ دۆزینەوەی وڵاتە نەناسراوەکان (نەدۆزراوەکان)، خستنەڕوو لە لایەکی دیکەشەوە جموجۆڵی مەزنی فامی تازە دۆزراوەی زانستی بۆ هەرچەشن کەشف و داهێنانێک. لەم قۆناغەدا بوو کە ئەوروپا ئەم ناوەی بەخۆوە بینی و دەرکی بە «ئەوروپی بوونی» خۆی لە بەرامبەر ژیار و فەرهەنگەکانی دیکەی مرۆییدا کرد، کە بە پێشەنگی پشکێنەرەکانی خۆی لە کیشوەرەکانی دیکەدا ناسیبووی

لەم پانتاییە نوێیەی شەڕی دەسەڵاتدا بوو کە دەوڵەت و نەتەوە تازەپێگەیشتووە ئەوروپییەکان، دەستیان دایە شەڕ و ململانێ. هەر لەم سەردەمەدا بوو کە شۆڕشی زانستی لەسەر بنەمای ئەزموون و دیتن بۆ ناسینی سروشتگەرای دانا، هەروەها لەم قۆناغەدا بوو کە بینینەکانی گەشتیارەکان سەبارەت بە سەیروسەمەرەکانی ژیان، فەرهەنگە مرۆییە جیاوازەکان لەمپەڕ و ئەوپەڕی جیهان، هەڵسەنگاندنی ئەوانە بواری دەرکەوتن و گەشەکردنی زانستە مرۆییەکانی رەخساند.

لەگەڵ کاڵبونەوەی پاڕادایمی ئەجێندای رەهای ئیرادەیی میتافیزیک بەسەر جیهانی سروشت و ژیانی مرۆڤ، ئاسۆیەکی نوێ لە ژیانی مرۆڤدا کرایەوە، کە بووە هۆی دەرکەوتنی پاڕادایمی ئیرادەی ئازاد لە مرۆڤدا بۆ رێکخستنی ژیانی تاکەکەسی و کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی. لە سەرەتای سەدەی شانزەدا بوو کە لەژێر تیشکی پاڕادایمی ئیرادەی ئازادی مرۆڤ، لە مەودای دوو ـ سێ ساڵدا، دوو کتێبی بچووک نووسرا یەکێکیان لە لەندەن و ئەوی دی لە فلۆڕانس، کە سەرەڕای بچووکییەکەیان واتا و مانایەکی مەزنیان بۆ داهاتووی ئەوروپا لە خۆیاندا هەڵگرتبوو. کتێبی یەکەم «شایار» لە نووسینی میکاڤیلی بوو، کە 1515 نووسرا و ئەویدی «یۆتۆپیا» لە نووسینی تۆماس مۆر بوو کە 1515 و 1516 نووسرا. گومان هەڵناگرێت کە مۆر و میکاڤیلی هەرگیز ناوی یەکتریان نەبیستبوو، بەڵام دوو کتێبیان نووسیوە کە سێ سەدە دواتر لە مێژووی ئەوروپادا لە بەرامبەر یەکتر رادەوەستن و دەنگدانەوەیەکی گەورەیان دەبێت. تۆماس مۆر بە گەڵاڵەکردنی کۆمەڵگایەکی ئارمانی لە کتێبەکەیدا، خولیای سەرلەنوێ دروستکردنەوەی سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتی بریتانیای لەسەردا بوو، چونکە هەروەک لە بەشی یەکەمی یۆتۆپیادا باسی دەکات، بەڕای ئەو لەناو ئاڵۆزی و قەیران و گەندەڵییەکی قووڵدا دەژیا.

میکاڤیلیش کتێبەکەی خۆی بۆ ئەوە دەنووسیی کە فریادڕەسێک بۆ ئیتاڵیای پارچە پارچە کراوی قەیراناوی لە بواری سیاسیدا پەیدا بێت، کە بتوانێت ئەویش وەک هێزە تازە دەرکەوتووەکانی ئەوروپا بۆ نموونە؛ فەڕەنسا، بەریتانیا و ئیسپانیا یەکپارچە بکات، بەڵام ئەم دوو نوسەرە کە زیاتر روانینیان بۆ کێشە و ئاڵۆزییەکانی دەور و پشتی خۆیان بوو، بێ

ئەوەی بزانن، پێشڕەوی کرانەوەی ئاسۆی نوێی ئەوروپایی کردە و ئەندێشە لە کار و باری دەوڵەت و سیاسەت دا بوون، لە راستیدا کتێبگەلێکیان بۆ ئایندەی ئەوروپا نووسی. دەکرێت واتای شاراوەی مێژوویی ئەم دوو بەرهەمە لە پێداچوونەوەی مێژووی ئەوروپا لە سەدەکانی دواتردا تێبگەین.

بە هەڵکەوت ساڵانێک بەر لە ئێستا ئەم کتێبانەم وەرگێڕایەوە سەر فارسی، بە رای من بیرکردنەوە لە واتای قووڵتری مێژوویی ئەم دووانە – کە نوسەرەکانیان ئاگایان لێی نەبوو– تیشک دەخاتە سەر دوو رەهەندی سەرەکی ژیاری ئەوروپی. یەکیان رەهەندی ئارمانخوازی مرۆڤ تەوەری ئەم شارستانیەتە، کە بەختەوەری ئەم دونیایەی مرۆڤ لە رێگەی رێکخستنی دەسەلاتی دەوڵەت، لەگەڵ ئایدۆلۆژیا و هاتنە ناو بەهەشتی سەر زەوی دەکاتە جێگری موژدەی رزگاری لە جیهانی ئاخرەت و چوونە ناو بەهەشتی ئەو لا. ئەمە کارێکە کە تۆماس مۆر سەرەڕای بڕوای بە مەسیحیەت، دەیکات و بە نەپەرژاندنی ویستە دژە کڵێسایییەکانی هێنری هەشتەم، سەری خۆی لەم پێناوەدا دادەنێت. ئەوی دی؛ روانگەی ئەزموونی بۆ پانتای رەفتاری سیاسی و شێوەی بە دەست هێنانی دەسەڵات، پاراستنی ئەو دەسەڵاتە لە رێگەی دیتنی راستەوخۆی پانتاییەکە یان بە یارمەتی بەڵگە مێژووییەکان لەم بارەوە. ئەمەش کارێکە کە ماکیاڤێلی کردوویەتی. دەتوانین ئەم کارەی ماکیاڤێلی وەک سەرەتای تێڕوانینی زانستی بۆ کردەکانی مرۆڤ بۆ نمونە بۆ کردەی سیاسی و بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵگا بێنینە ئەژمار، کە لە رۆحی رێنێسانسەوە سەرچاوە دەگرێت.

کتێبەکەی مۆر لە دونیای خـەون و خەیاڵ و لە چوارچێوەی ریوایەت دا، سیستمێکی سیاسی وێنا دەکات کە ئارمانێکی ئەفلاتۆنی لە خۆدا هەڵگرتووە. واتا کۆمەڵگایەکی خاوەن سیستمێکی ئاسنی، کە هیچ

گەندەڵییەک رووی تێناکات، چونکە لە بواری جوگرافیشدا لە جیهانی دەور و پشتی، کە لە گەندەڵی دا گینگڵ دەدات، جودا کراوەتەوە و وەک دورگەیەکی لێکراوە. یوتۆپیا مودێلی مێتافیزیکیی کۆمەڵگایەکی ئارمانییە، کە هەموو مرۆڤەکان تێیدا نمونەیی ئەزەلیی مرۆڤی ئارمانیی ئەخلاقین. بۆیەش هیچ جۆرە لادان و سەرپێچییەک لە نۆڕم و نەریتە گشتییەکانی رەفتار، لێرە نابینرێت و بوونی نییە. لێرە سروشت بە تەواوەتی کۆنتڕۆڵ کراوە. بۆ نمونە دەڵێی لاوی، پیری، ژن بوون و پیاو بوون، کە یەکەمین هێمای سروشتیی مرۆڤن، هیچ دەورێکیان لە رەفتاری مرۆڤەکان دا نییە. وەسوەسە دەروونییەکان کە سەرچاوەی سروشتییان هەیە، کۆنتڕۆڵ کراون. لەم دونیای سروشتە کۆنتڕۆڵکراوەدا، مرۆڤەکان ئەوەندە لەگەڵ یاسا سیاسی و رێسا ئەخلاقییەکاندا گونجاو و گونجێنراون، کە زیاتر لە رۆبۆت دەچن تا مرۆڤێکی مێژوویی. ئارمان شار جیهانێکە لە دەرەوەی مێژوو.

چونکە لەوێ هیچ شتێک لە دەرەوەی مەزندە و لە ناکاو روو نادات، کە مرۆڤەکان لە خۆشیدا رابپەڕن یان لە ترسا لە جێی خۆیان رەق بن. جیهانی هیچ ئارەزوو، ئومێد، هەوەس، شێتی و مەراقێک نییە، کە پێک نەهاتبێت یان رێگەی پێکهاتنی بەسترابێت. جیهانێکە جارێک بۆ تاهەتایە پێناسە کراو و فێرکراو بە حوکمی عەقڵ، کە لەگەڵ بەربەست کردنی ریگەکانی روودانی گەندەڵی، هیچ گۆڕانکارییەک تێیدا روو نادات، هەرچەندە ئەمە لە جیهانێکدا روویداوە، کە خۆی بە پێی پێناسە بەناوبانگە ئەرەستووییەکەی؛ «جیهانی بوون و گەندەڵییە».

بۆ روونتر بوونەوەی واتـای مێژووی کتێبەکەی مۆر و گرنگیی روانگەکەی دەبێ ئاماژە بدەینە سیستمی کۆمۆنیستیی سەدەی بیستەم، کە بە هیوا بوو لە سەر بنەمای ناسینی «یاساکانی پێگەیشتن و کامڵبوونی کۆمەڵگا

و مێژوو» بە لۆژیکی زانستیی مارکسیزم- لێنینیزم بە پێی ئایدۆلۆژیای یەکسانیخوازی خۆی کۆمەڵگا وەها رێکبخات، کە بە رای ئەو ئایدۆلۆژیا یوتۆپیاییەکان هەرگیز پێی ناگەن. سیستمی کۆمۆنیست هەروەک یوتۆپیای تۆماس مۆر لە رێگەی لە خۆ گرتنی تەواوەتیی کۆمەڵگا لە دەوڵەتدا خۆی وەک قارەمانی سەرەکیی داد، ئەخلاق پێناسە دەکات و بە دانانی پەردە ئاسنینە بەناوبانگەکە بە دەوری خۆیدا، دیسانەوە هەروەک یوتۆپیاکەی مۆر، رێگەی هاتنی هەر چەشنە گەندەڵییەک بۆ ناوخۆ ببەستێت.

چونکە پێی وابوو گەندەڵی بە تەنیا لە دەرەوەدا بوونی هەیە. ئەمە لە کاتێکدا کە لە جیهانی بوون و گەندەڵیدا، گەندەڵی لە راستیدا شتێک نییە جگە لە قایل بوون بە گۆڕانکاری، کە لە زاتی هەموو شتێک لەم جیهانە کاتمەندەدا هەیە، چونکە گەندەڵی بە واتا ئەرەستوویەکەی بە واتای شیاوی شینەڵکاری و پێکهاتنی سەرلە نوێی هەر شتێک و لەم رێگەشەوە کەوڵاوکەوڵ بوونی ئەوە بۆ هەر شتێکی دی، بەڵام روانگەی میتافیزیکیی بڕوامەند بە جیهانی جێگیرییە عەقڵانییەکان و هۆگریەتی، کە وێڕای ئەو ناکۆکییەی لەگەڵ زەمەن و جیهانی کاتمەندا هەیەتی، حەزی لە جیهانی گۆڕان هەڵگر نییە و لەو شیاوی گەندەڵی بوونەی خۆ بە دوور دەگرێت.

لە وڵاتی کۆمۆنیستا لەگەڵ بانگەشەی ئێکدانی سیستمی چینایەتی و راستکردنەوەی سەرجەم کەندو کۆسپە کۆمەڵایەتییەکان، بەڕواڵەت سیستمێک بە پێی مۆدێلێکی دادی ئەزەلی بونیاد نرابوو، کە بۆ هێشتنەوە و پاراستنی لە هاتنی هەر چەشنە گەندەڵییەک لە دەرەوە لە جیهانی سەرمایەداری دەبوو بە دەوریدا پەردەیەکی ئاسنین بکێشن. لەم سیستمەدا هەموو خواستە سروشتییەکان، هەموو ئاوات و ئارەزووەکان، هەموو سەرشێتی و لاساری و چاوچنۆکییە مرۆییەکان بە دیاردەکانی کۆمەڵگای چینایەتی دەهاتنە ئەژمار،

کە پێویست بوو لە ژێر تیشکی ئایدیا پێشکەوتووەکاندا، کە پارتی پێشەنگ ئاڵاهەڵگری بوو بە زنجیری سیستمێکی ئاسنین کۆنترۆڵ بکرێت، بەڵام کە پەردە داڕووخا ئاشکرا بوو، کە لەوێش سروشت و گەندەڵییەکانی بەرهەمی وەک هەمیشە لە کاردا بوون. بە هۆی وەسوەسە شەیتانییەکانییەوە لە هەناوی ئەو کۆمەڵگا ئارمانییەدا، کە لە چوارچێوەی هێزیکی دێوەزمەیی و مافیایی بە ناوی دەوڵەتی سۆسیالیست هەموو شتێکی خستبووە ژێر رکێفی خۆی، کە لەگەڵ داڕمانی تۆڕبەندییەکەی، هەروەک نەخۆشی شێرپەنجە بە تەواوی کۆمەڵگادا بڵاوبۆوە. لەم رووەوە ئێستاش لە رووسیا سیستمی هەڵقوڵاو لەم واقیعە بە دزسالاری Kleptocracy ناو دەبرێت،

بەڵام شاریاری میکاڤیلی رەنگدانەوەی هیچ جیهانێکی میتافیزیکی نییە و بە داوەرییەکی ئەخلاقی بۆ ئەم جیهانی بوون و گەندەڵییە روو لە هیچ جیهانێکی ئارمانیی ئەزەلی یان ئەبەدی ناکات، بەڵکو لەگەڵ واقیع بینییەکی زانستی ئەزموونی و بە بێ پێش داوەریی ئەخلاقی، لە رێگەی دیتنی راستەوخۆ و خوێندنەوەی بەڵگە مێژووییەکان دەیەوێ بزانێت، کە بە راستی لە پانتایی پەیوەندییەکانی هێز و دەسەڵاتدا چی روو دەدات. ئەو پێشەنگی ئەو روانگەیە کە سێ سەدە دواتر ئەڵمانییەکان ناوی ریئال پۆلێتیکیان لێنا واتا واقیع بینیی سیاسی. میکاڤیلی لە باتیی خۆ بواردن لە جیهانی هەستەوەر، کە لە روانگەی میتافیزیکی و داوەریی ئەخلاقییەوە بە جیهانی نەوی دێتە ئەژمار، هاناهێنان بۆ ئایدیا ئۆبستراکتەکانی جیهانی عەقڵانی، لە جیاتی نووسینی پەندنامە بۆ ئەخلاقی سیاسی و داڕشتنی گشتێتی، سەیری چۆنێتیی کارکردی ئەخلاقی سروشتی لە راستیی سیاسیدا دەکات و هەر، کە پەندێکیش دەڵێت بە پێی هەمان واقیع بینییە.

ئەو لەدایکبووی رێنێسانسی ئیتاڵیایە کە نیگارکێشەکانی بۆ یەکەم

جار لە ڕێگەی پێوانەی ئەندازەیی ڕەهەندی سێهەم و دیمەنیان لە تابلۆدا گونجاند، تاوەکو بتوانن شوێن و پێوەری دروستی هەموو شتێک بە نیسبەت فەزا و شتەکانی دەور و پشتییەوە نیشان بدەن. میکاڤیلیش بە دانانی ڕەفتاری سیاسی لە بەجەوەندی زەمەنی و مێژوویی، دەرفەتی هەڵسەنگاندنی ڕەفتارە جیاوازەکان و ناسینی چەن و چوونیانی ڕەخساند. پێوەری ئەو لە ڕەفتاری سیاسیدا چۆنێتیی بەئامانج گرتن و سەرکەوتنە یان ناسەرکەوتن تێیدا. ئامانج لە سیاسەتدا بەردەوام دەستڕاگەشتن بە دەسەڵات و پاراستنیەتی، بەڵام بە هەزاران خاڵ لە چۆنێتیی دەستڕاگەشتن بە دەسەڵات و پاراستنی بە پێی هەلومەرج و کەسێتی هەیە، کە هەوێنی ئەم لێکۆڵینەوەیەی ئەوە. هەربۆی ئەو بونیادنەری زانستی سیاسەتە بە واتا مۆدێرنەکەی. واتا زانستێک لە سەر بنەمای ئەزموون و هەڵسەنگاندن نەک بە تەنیا تیۆری.

ئەوەندەی لە یوتۆپیای مۆردا جیهانی عەقڵانی ڕەسەنی ئەفلاتۆنی، سروشت و «نەفس» لە بەند کراوە، لە جیهانی ماکیاڤێلی کە دونیای واقیع و ڕووداوە، سروشتی مرۆیی لە شانۆی سیاسی و یاریی دەسەڵاتدا ئەکتەری سەرەکییە. بۆ چوونە ناو ئەم شانۆ و یارییە بە مەبەستی سەرکەوتن تێیدا، سیاسەتمەدار دەبێ سروشتێکی چالاک و لێهاتوو و دەرفەتناسی هەبێت، کە بە نێوی هونەر (virtu) ناوی دەبەن. هەڵبەت، لەم جیهانەدا کە دونیای هەموو جۆرە ڕووداوێکی باش و خراپە دەبێ چانسیشی هەبێت. لە هونەرمەندیی سیاسی دا مەکر و فێڵبازی و بەهرەمەندبوون لە سروشتێکی ڕازاوە بە مێتۆد خودی بۆ فریودان، وەدەرنانی ڕکابەرەکان لە شانۆکەدا پێویست و زەرووره. پابەند نەبوون بە بەڵێن و پەیمان یەک لەو دەرکەوتانەیە، کە میکاڤیلی لە بەشە ناودارەکەی شاریار دا باسی دەکات و دەبێتە هۆی بەدناوییە مەزنەکە بۆ خۆی. تەنانەت ئاماژە بەو خاڵەش دەکات، کە

فێڵبازترین ئەکتەرانی شانۆی یاری دەسەڵات ئەوانەن، کە ڕێگەپێدراویان لە جیهانێکی سەرترەوە (خیرالماکرین) وەرگرتووە. میکاڤیلی لەم بارەیەوە هەڵسوکەوتی پاپاکانی سەردەمی خۆی بە بیر بێنێتەوە، کە لە پسپۆڕترین کەسانی پانتای یاریی دەسەڵاتن.

مەکر و فێڵی سیاسی کۆمەڵێک ناوی ماقووڵانەتریش لە خۆ دەگرێت، بۆ نمونە تاکتیک و ستراتیژ. خاوەن مێتۆدی دەستڕاگەشتن بە دەسەڵات بوون، کە زۆر بۆ فێر بوون ناشێت و خاوەن بوونی وەک بەهرەیەکی هونەرمەندانە، چەشنی «هونەر»، بە زمانی میکاڤیلی، هەر وەک خۆی لە زۆر نمونەی جۆراوجۆردا نیشانی دەدات، لە مرۆڤەکانیشدا بە سروشتی جۆراوجۆر و لە هەلومەرجی جۆراوجۆردا بە شێوە و شێوازی جۆراوجۆر خۆ دەردەخات، بەڵام تیۆرڤانێکی وەک ماکیاڤل کەسێک نییە، کە خۆی لەو «هونەرە» بەهرەمەند بێت. ئەو خاوەنی «ڕۆحی زانستی» و فەلسەفییە و بینەر و یاسادۆزە. لەم ڕووەوە پێدەچێت ئەو یەکێک لە ڕاستگۆترین و بێ فرت و فێڵترین مرۆڤەکانی سەر ڕووی زەوی بووبێت، کە بە سەیرکردنی پانتایی پەیوەندییەکانی دەسەڵات و یاریی دەسەڵات لە سەردەمی خۆیدا دۆزینەوەکانی خۆی بەو پەڕی ئازایەتییەوە باس کردووە، بێ ئەوەی کە ترسێکی لە دواهاتەکانی بە نیسبەت خۆیەوە هەبێت.

چیرۆکی ژیان و ناکامییەکانییشی دەربڕی ئەوەن، کە لەودا هیچ هێمایەک لە پیاوێکی ڕێوی سفەتی هەلپەرستی خوێڕی بوونی نییە، بەڵکوو خاوەنی لێهاتوویەکی زانستی ڕاستی خوازە کە لە مەترسیدارترین پانتایی یاریی ڕاستی و دووڕوویی مرۆیی، باکێکی لە ناسینی ڕاستیی و دەربڕینی نییە. «هونەر» ناسیی ئەو لە پانتایی ڕەفتاری سیاسی دا پەچە لە سەر واقیعێکی قووڵی جیهانی مرۆیی دادەماڵێت، لەم ڕوانگەوە لەم چەشنە

بوێرییە هزرمەندانە لە جیهانی مودێرندا باشتر لە نیچە هیچ هاوشێوەیەکی بۆ نادۆزرێتەوە.

گەرچی میکاڤیلی لە سادە ئەندێشی یان سادەدڵیی مێتافیزیکی تۆماس مۆر سەبارەت بە مرۆڤ، دوورە و بە پێچەوانەوە بە ناوی بەهای ئەخلاقیی ئاهەتاییەوە پشت لە راستی ناکات و خۆی لێ نەبان ناکات، بەڵکو تەنانەت بە بێ بەها و نزمیشی دانانێت. ئەو ئاگاداری ئاڵۆزی و تێکڕژاویی ژیان و رەفتاری مرۆییە و دەزانێت کە «هونەر» لە هەموو شوێنێک دا بە شێوەی یەکسان و هاوشێوە ناکەوێتە روو. ئەو بە پێچەوانەی ئەو تۆمەتانەی سەبارەت بە بێ ئەخلاقی دەیدەنە پاڵی، ستایشی ئەو کەسانە ناکات کە دەسەڵاتیان بۆ دەسەڵات دەوێت و بەس، واتا ئەوانەی دەسەڵات لە پێناو زوڵم کردن لە دیتران و زاڵبوون بە سەریاندا، بە مەبەستی رازی و خۆشحاڵ بوونی خۆیان و لەم پێناوەشدا چ تاوانێکیان لە دەست بێت دەیکەن. لەم بارەوە دەکرێت بگەڕێینەوە بۆ بەشی هەشتی شاریار بە ناوی «سەبارەت بەوانەی لە رێگەی تاوانبارییەوە دەگەنە شارییاری» و تێبگەین کە نەک تەنها ستایشی ئەم رێبازە ناکات، بگرە سەرکۆنەشی دەکات.

بە پێچەوانەوە ستایشەکانی لەوێدا دەبینین، کە سەبارەت بە پیاوانێکی وەک مووسا و کوورش و رێمۆلۆس و تێسئۆس قسە دەکات، کە لە هەوڵی رزگارکردنی خەڵکەکەی خۆیاندان. پیاوانی گەورە لای ئەو ئەم کەسانەن نەک ئەوانی دی. واتا کەسانێک کە لە هەل و مەرجی دژواردا بۆ مانەوەی کۆمەڵگاکەیان و گەڕانەوەی ئاسایش و هێمنایەتی بۆ کۆمەڵگا قارەمانەتی دەنوێنن. بەشی کۆتایی شاریار بە ناوی « بانگەوازێک بۆ رزگارکردنی ئیتاڵیا لە چنگی بەربەرەکان» بە راشکاوی دەریدەخات کە لەم کتێبەدا ئامانجی ئەو رزگارکردنی ئیتاڵیا لە چنگی دەسەلاتە ئەورووپییەکانی

ئەو سەردەمە، لەوانە فەڕەنسا و ئیسپانیایە. کتێبەکە وەک ڕێنومایییەک بۆ وەها رزگاریخوازییەک نوسراوە.

بەڵی، لە بەستێنی ژیاری مودێرنی ئەوروپی، یوتۆپیای مرۆڤ گەرایانە لە لایەکەوە ریاڵ پۆلیتیک و لە لایەکی دیکەوە، لە بونیاتنانی سیستمی یاسایی و سیاسی و رەفتاری سیاسی و کۆمەڵایەتیی دا ئامادەیی و دەوریان هەبووە. لەم رووەوە دەکرێ تۆماس مۆر و میکاڤیلی و کتێبەکانیان بە سیمبۆلی دوو سیمای جانوس (janus) لەم ژیارەدا وەربگیرێت، ئەو خواوەندە رۆمییەی پارێزەری گەردوون و دەروازەکـان، کە لە پەیکەرەکانی خۆیدا بە دوو سیمای پشت بە پشت پێکەوە پاسەوانی ئەم لا و ئەو لا دەکەن. رەنگە بتوانین بڵێین سوسیال دیمۆکراسی ئەوروپی لە ئاوێتە بوونی ئەم دوو کەسایەتییە پێکهاتووە.

# خولیای ئارمانشاری تۆماس مۆر

## لێکۆڵینەوەیەک (گەڕانێک) لە یوتۆپیای تۆماس مۆرو کاریگەرییە بزاڤییەکانی

**ئاماژە:**

لە بەشێک لە مێژووی ئەوروپادا، بیرۆکە و رووداوگەلی تایبەت بە نیسبەت ژیانی چاکتر و شاری خەونەکانەوە گەڵاڵە کراوە، کە دەربڕی ژیانی ئارمانجی بنەما و لایەنەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکانی ئەم شارەیە. بارودۆخی ئاڵۆزکاوی کۆمەڵایەتی، کێشمەکێشی سیاسی و هەژاری ئابووری لە دەرکەوتنی ئەم بیرۆکانەدا دەوری هەبووە. یەکەم جار شاری چاکان لەسەر دەستی ئەفلاتۆن لە کتێبی کۆماردا گەڵاڵە کرا، دوای ئەوەش نوسەران و بیرمەندان بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموون و دۆخی کۆمەڵگەی خۆیان، شاری خەونەکان و شاری چاکانیان بە شێوازی جیاواز گەڵاڵە کرد. یەکێک لە گرنگترینی ئەم بیرۆکانە، नامیلکەی یوتۆپیای تۆماس مۆرە.

تۆماس مۆر یەکێک لە بەناوبانگترین نوسەرانی سەدەی شانزەیە، کە لەگەڵ بەکارهێنانی وشەگەلی تازە لەم نامیلکەیەدا، زمانە ئەوروپییەکانی دەوڵەمەندتر کرد. هەرچەندە نوسەرە جیاوازەکانی ئاماژەیان بە ناوی شاری خەونەکان داوە، بەڵام وشەی «یوتۆپی» و سەرجەم ئەو وشانەی لەم وشەیەوە داتاشران، تۆماس مۆر بە بیر دێنێتەوە. ئەو لە کتێبەکەیدا، هەلومەرج، دۆخ و پێگە خوازراوەکانی خۆی بۆکۆمەڵگایەک دەردەبڕێت.

**یوتۆپیای مۆر**

یوتۆپیا بە شیکردنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی بەریتانیای سەدەی شانزە دەستپێدەکات، بارودۆخ و روداوە گرنگەکانی ئەم سەردەمە وەسف دەکات، باسی ئەو کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییانە دەکات کە روبەڕووی خەڵکی ئەو سەردەمە بۆتەوە، دواتریش کۆمەڵگای ئارمانی و یوتۆپیای خوازراو گەڵاڵە دەکات.

پوختەی هزری تۆماس مۆر لە کتێبەکەیدا ئەمەیە، کە ناکرێ کۆمەڵگا لە رێگەی دانانی یاسای باش، چاکسازی بکرێت، چونکە سەرەڕای هەبوونی یاسای باش، دیسان کێشە و ئاڵۆزییەکان هەر دەبن. بۆیە دەبێ بەر لەوەی خەریکی نوسینی یاسای باش بۆ چاککردنی کۆمەڵگا بن، دەبێ هۆکاری روودانی کێشەکان بدۆزێنەوە، بۆ نمونە بۆچی دزی دەکرێت بۆ دەربڕینی ئایدیاکەی کتێبێک بە ناوی «یوتۆپیا» دەنوسێت و لە دوو بەشی جیاوازدا سەرەتا دۆخی کۆمەڵگای بەریتانیا شیدەکاتەوە، دواتر لە بەشی دووەمدا تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی خەونەکان دادەڕێژێت و وێنا دەکات.

ئەو چیرۆکەکەی بەم شێوە دەستپێدەکات، کە کەسێکی بەریتانی بە سواری گەمییەک لە دەریادا ون دەبێت. ئەم کەسە دەگاتە دوورگەیەک کە لەوێدا سەرجەم کاروبارەکان زۆر دڵخوازە و خەڵک هەست بە بەختەوەری دەکەن؛ چونکە بەڕای ئەو لەم دوورگە ئارمانییەدا، خەڵک لە رۆژدا شەش کاتژمێر کار دەکەن و بەرهەمەکانیان کۆ دەکرێنەوە و ئەنبار دەکرێت و کەسەکان بەپێی پێداویستییەکانیان ئەم بەرەم و کاڵایانە بەکار دێنن.

یاسای بنەڕەتی دوورگەکە، موڵکداری تایبەت پووچەڵ دەکاتەوە و خاوەندارێتی دەخاتە دەستی دەوڵەت کاربەدەستانی دەوڵەتیش لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن. بەم شێوەیە کە هەر سی خێزان کەسێک وەک

نوێنەر و بەناوی «فیلارک» (ریش سپی) هەڵدەبژێرن. دوایی دە فیلارک لە ناوخۆیاندا کەسێک هەڵدەبژێرن و ئەم رەوتە بەردەوامە تاوەکو لە کۆتاییدا چوار کەس هەڵدەبژێرن. خەڵکی ئەم کۆمەڵگایە یەکێک لەو چوار کەسە بە پاشا هەڵدەبژێرن و ئەویش بە درێژایی تەمەنی پاشایە مەگەر لە یاسا سەرپێچی بکات.

تۆماس مۆر ئایینی دوورگەکە بە ئایینێکی عەقڵی لە جۆری دێئیزم (deism) پێناسە دەکات؛ لە روانگەی مۆرەوە دوو ئایین هەیە؛ یەکیان ئایینی تێئیزم (theism) و ئەوی دی دێئیزم، بۆ زانیاری ئەم دوو وێنایە لە ئایین دەبێ بزانین کە بەپێی بیرۆکە کلاسیکەکان؛ سەرجەم ئایینەکان لەسەر بنەمای سروشن (وەحی) بەم مانایە کە تاکەڕێگەیە بۆ ناسینی خواوەند.

لە یوتۆپیادا خێزانی خاوەن منداڵی زۆر بەپێی یاسای دوورگە، منداڵەکانی دەداتە ئەو خێزانانەی منداڵیان نابێت تاوەکو باشتر و راستتر پەروەردە بکرێن، هەروەها دراو بە دەست خەڵکەوە نییە، بەڵکو بە دەستی دەوڵەتەوەیە بۆ ئەوەی لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا بەکاری بهێنێت. بە کورتی تۆماس مۆر بۆ چارەسەرکردنی ئازار و ئاڵۆزییەکانی کۆمەڵگا پێشنیاری یاسای باش نەکات، بەڵکو هۆکارەکان لە ئازارەکاندا دەدۆزرێتەوە. بەڕای ئەو سەرجەم ئازار و ئاڵۆزییەکانی کۆمەڵگا لە موڵکداری تایبەتەوە سەرچاوە دەگرێت، کە دەبێتە هۆی ناهاوسەنگی لە کۆمەڵگادا. بۆیە دامەزراندنی دادپەروەری وەک هەڤی لە کۆمەڵگادا بە هۆی لەناوبردن یان لانیکەم بچووککردنەوەی موڵکداری تایبەتەوە روودەدات.

بڵاوبوونەوەی ئەم جۆرە ئایدیانە بووە هۆی ئەوەی هەندێک بزاڤ بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئایدیایانە بکەونە جووڵە، بۆ نمونە بزاڤی جوتیارانی ئەڵمانیا. نامیلکەی یوتۆپیا و بیرۆکەکانی تۆماس مۆر لەدوای خۆی کاریگەری

لەسەر دامەزراندنی بزاڤ و هزری نوێ هەبووە.

**کاریگەرییەکانی یوتۆپیا و بیرۆکەکانی مۆر «کامپانێلا»**

یەکێک لەو کەسانەی کاریگەری لە بیرۆکەکانی تۆماس مۆر وەرگرتووە کامپانێلای ئیتالییە. ئەم پیاوە کتێبێکی بە ناوی «شاری هەتاو» بڵاوکردەوە، کە کەم تا زۆر روونوسێکی یوتۆپیایە، کە تێیدا فەرمانڕەوا لە نێوان زاناترین کەسەکانی کۆمەڵگا هەڵدەبژێرێت و بۆ جێبەجێکردنی فەرمانەکانی پێشنیار دەکات، کە سێ وەزارەت لەژێر ناوی وەزارەتی پاراستن (هێز)، وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتی و خێزان (عەشق) و وەزارەتـی پـەروەردە (عەقڵ) دابمەزرێت. هەرچەندە ئەو لەلایەن کڵێساوە بە مولحید تاوانبار کرا، بەڵام دواتر نوسراوەکانی کاریگەری جیاواز و شایانی لەسەر هزری بەریتانییەکان دانا.

**یەکسانیخوازان**

ئە ندێشەکانی کامپانێلا کاریگەرییەکی شایانی لەسەر بزاڤی یەکسانخوازەکان دانا. ئەو بزاڤە یەکسانی و یەکسانکردنی مرۆڤەکان، لەبەرامبەر یاسای بنەڕەتیدا بە ئەرکی خۆیان دەزانی. مەبەست لە یەکسانی و بەرابەری، یەکسانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و داد نەک یەکسانی ئابووری. ئەوان رایان وابوو کە دەتوانرێ کۆمەڵگای دڵخواز لە رێگەی دانانی یاسای باشەوە، دابمەزرێت. بنەمای حکومەت، رازیبوونی خەڵکە و حکومەتەکانی رەوایی خۆیان لە رازیبوون و ویستی خەڵکەوە بەدەستدەهێنن. مافی کەسێتی و سروشتی تاکەکان لە مافی نیشتیمانەوە سەرچاوە دەگرێت و دەبێ دەوڵەتەکان رێزی لێبگرن. دەوڵەتەکان مافی دەستێوەردانی کاروباری تایبەتی تاکەکانیان نییە.

دەرکەوتنی ئەم بزاڤە هاوکات بوو لەگەڵ قەیرانی سەرۆکایەتی

و شەڕی دەسـەڵاتْ لە نێوان کرامۆڵی سەرۆکی دەستوورخوازی هێزە سەربازییەکانی پەڕلەمان لەگەڵ پاشادا. دوای ئەوەی کرامۆڵ سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەم بزاڤە تازە تێگەیشتْ کە شەڕی سەرەکی لەسەر دەسەڵاتە و بە قازانجی گشتْ خەڵک نییە. هەربۆیەش زۆربەی ئەندامانی ئەم بزاڤە کە لە سەرباز و چینی هەژار پێکدەهاتن، لە دژی ئەفسەر و فەرماندەکانیان کە چینی خاندەدان و دەوڵەمەند بوون، سەریانهەڵدا و جۆرێک ئەنجومەنیان لەژێر ناوی «ئەنجومەنی سەربازی» دامەزراند تاوەکوو هاوکاتْ لەگەڵ بەڕێوەبردنی سوپا، فەرمانده‌ییش بگرنەدەستْ. ئـەوان جەختیان لە عەقڵگەرایی دەکردەوە و سەرچاوە و ڕەوایی حکومەتەکانیان بە بەرهەمی عەقڵ و هزری مرۆڤی هەژمار دەکرا. لەسەر ئەم بنەمایەش، پۆلێنبەندی چینایەتی بێبنەمایە، چونکە ئەگەر عەقڵ بنەما و بنچینە بێتْ، کەواتە جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان بەرهەمی هزری مرۆڤ نییە، بەڵکو بەرهەم و دروستکراوی کۆمەڵگایە.

### هەڵکۆڵەران

بزاڤی هەڵکۆڵەران لە گروپی یەکسانیخوازان جیابۆوە. ئەمان بە پێچەوانەی یەکسانیخوازان، یەکسانی مرۆڤەکانیان لەیەکسانی ئابووریدا دەدیت، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە یەکسانیخوازەکان لە بواری هزری و لە ڕێگەی سەقامگیری مافەکانی تاکدا کاریگەرییەکی سەیریان لە بەریتانیادا بەجێهێشتْ. لەم نێوەندەدا دەوری فڕانسیس بیکۆنی وەزیری شارڵی یەکەم لە بواری ئەندێشەدا کاریگەرییەکی زۆری هەبووە، چونکە ئەو یەکێک لە یەکەمین کەسەکانە کە شێوازی ئیستیقرا (deducation) یان ئەزموونی (Emprial) لە بەرامبەر شێوازی سوننەتیدا هەڵبژارد. لە ڕوانگەی بیکەنەوە،

زانستێ دەبێ کاریگەری و ئاسەواری ئەزموونی لە کۆمەڵگادا هەبێت و تاکە ئەرکی زانستێ، تێگەیشتنی تایبەتی و راهێنانی تاک نییە. لە کاتێکدا کە خەڵک لە کۆندا، قازانجی زانستیان بۆ خۆیان بە مسۆگەر دەزانی.

# تۆماس مۆر و هزری یۆتۆپیا*

ژان مۆنتۆنۆ

له فارسییه‌وه: ئه‌رسه‌لان حه‌سه‌ن

**قەشەی کاسۆلیک، خەیاڵاوی و پێشەنگی فەرمی کۆمۆنیزم... کەسێک کە قەرزداری دۆزینەوە و هزرەکانین و هەروەک هەمو رۆژێک لە بیرمانە: هزری یۆتۆپیا.**

پاپا جۆن پۆلی دووەم، تۆماس مۆر (1478 – 1535)ی بەقەشەی (پارێزەری دەوڵەتمەردان و بەرپرسانی سیاسی) راگەیاند. بەڵام نوسەری «یۆتۆپیا» ساڵی 1886 پلەی سەرۆکی لێبوردەیی (لەمەزهەبی کاسۆلیکی پێش پاکییە) وەرگرتووە و پاشان ساڵی 1935، لە 400مین ساڵیادی مردنی لە ریزی قەشەکان دانراوە، مرۆڤخواز، مافناس، جێگری داواکاری گشتی، سیاسەتکاری شارەزاو سەرەنجام بە دەوڵەتمەرد دانرا چونکە ساڵی 1592 هنری هەشتەم پادشای بەریتانیا بە سەرۆک وەزیران واتە باڵاترین پۆست، دوای پۆستی پاشا، دیاریکرد، بە هاورێ و راوێژکاری دادەنرا. لە راستیدا هنری هەشت بە تایبەتی ویستی دووقات سوود لەتوانای ئاکاری مۆر وەرگرێت: جیابونەوەی لە (کاترین داراگۆن) بەمەبەستی زەواج لەگەڵ (ئان بۆلین) و چاکسازی کڵێسای بەریتانیاو وێران نەکردنی. هەرچەند تۆماس مۆر خادیمێکی وەفادار بو، بەڵام جگە لە رێگەی ویژدانی خۆی هیچ رێگایەکی هەڵنەبژارد. ویژدانی پێی دەوت: «پێش پاشا خزمەتکاری خوابێت.» لەئەنجامدا بەهیوای جێهێشتنی مەیدانی سیاسی، ساڵی 1532 دەستی لە سەرۆک وەزیـران کێشایەوە. هەوڵێکی بێهودە! هەندێجار

رەفتاری مۆر، بە سوکراتی کریستیانەکان دانراوە، شەهید بونی لێکەوتەوە! دوای قبوڵ نەکردنی «سوێندی» هنری هەشت (مادەیەکی یاساییە و سنوری بۆ دەسەڵاتی پاپا داناوە و رەهایی پادشا پشتڕاست دەکاتەوە) و پچڕانی پەیوەندی بە رۆمەوە، حوکمی مردنی بەسەردا درا: تۆماس مۆر دوای بەسەربردنی 15 مانگی گرتوخانە، لە 6ی حوزەیرانی 1535 لە «تاوەر هیل» ملی پەڕێندرا.

تۆماس مۆر – دیارە پێش چونە ریزی قەشەکان – لینین ناوەکەی لەسەر ستونی یادگاری مۆسکۆ بە تەنیشت ناوەکانی مارکس و ئەنگڵس و نزیکەی 30 کەس لە پێشەنگانی کۆمۆنیزم نوسی، بڕیاری رێزگرتنیدا. بەم شێوەیە قەشەی شەهیدی کڵێسای کاسۆلیک لەئارامگای پێشڕەوانی کۆمەڵگای بێ چین قبوڵکرا: رێزگرتنێکی سەیر دوای مردنی! ئەو سوکراتەی مەسیحی ئێمە، بەمانای وشە بە فەیلەسوف دانانرێت. پیاوێکی متەدەین و پابەند پێییەوە، هەرگیز لە روانگەی پیشەییەوە نەبووەتە فەیلەسوف، هیچ قوتابخانەیەکی دانەمەزراندو هیچ تیۆرێکیشی پێشنیاز نەکردو بەرهەمە سەرەکیەکەی، یۆتۆپیا (1516)ش بەکتێبێکی فەلسەفی سیاسی دانانرێت. دەکرێت بەنوسینی ئەدەبی دابنێی کە لەکاتی بێ ئیشی نوسەر، سەردەمانێک نوسراوە کە بە راسپاردەی هنری هەشت خەریکی یەکلاکردنەوەی کێشەیەکی بازرگانی بو لە ویلایەتی «فلاندەر».

یۆتۆپیا، جگە لەپێشەکیەک کە وەک نامەیەک بۆ (پیر ژیل)ی هیۆمانیست و بڵاوکەرەوەی خەڵکی «ئانور» نوسراوە، بریتییە لە یەکەم کتێب کە هاوڕێی «ئەمریکۆ و سیوجی» بووە و کەسایەتی وەک «تۆماس مۆر» و «پیر ژیل» جێگیر دەکات. لە راستیدا ناوەرۆکی بەرگی یەکەم سزانامەی دژی نایەکسانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەریتانیای ئەوکاتەیە. لە «رەفائێل»

لەکتێبی دووەم لێوی قسە هەڵدەبڕێت، نوسەر شرۆڤەی دوورگەی یۆتۆپیا دەکات کە لەحەقیقەتدا بە پێچەوانەی کتێبی یەکەم لە روانگەی «مۆر»، وێنایەکی ئەرێنی و رواڵەتی بەریتانیایەکی بەشێوازی باشتر ئیدارە دراوە.

**هیۆمانیستەکان، بیرمەندانی نوێ**

لە راستیدا، ئەو قۆناغە بۆ بەریتانیاو بەگشتی بۆ ئەورووپای بەرایی سەدەی 16ی زایینی، بە سەردەمێکی ناخۆش دادەنرێت. بەکۆتایی هاتنی شەڕی ناوخۆ (1455 – 1485) کە بۆ پاراستنی رواڵەت، ناونرابو «شەڕی دوو گوڵی سور»، تەماحی هەندێک لەدەسەڵاتدار (یان رەنگە دینامیزی ئابووریيان) هەندێک جوتیاری دێوەرەیان وا نوقمی رووتی و رەجاڵی کرد کە زۆربەیان بۆ درێژەدان بە ژیان، بە ناچاری کەوتنە دزی و تاڵانی. ئەو توندوتیژیانە ئاکامی کاردانەوەی ئاسایشی زۆر توند بو چونکە بەگوێرەی یاساکانی سەردەم، دز یان بەرەڵلا رەنگبێ توندترین سزا (لە سێدارە) بدرێن. لە راستیدا خاوەندارە زلەکان هەڵوەدای لەوەڕگای فراوانتربون بۆ مەڕەکان تا پیشەسازی و بازرگانی نوێی خوری تۆخ بکەنەوە: لەئەنجامدا بە هەڵکشانی فەزای گەمارۆدراوی تایبەتی لەوەڕ، جوتیاران دەردەکران. لە راستیدا ئەو بارودۆخە بەسەرەتای بە جیهانی بون دادەنرێت: سەفەری دەریایی دەورووبەری کیشوەر، دۆزینەوەی رێوشوێنی دنیاو یەکەم پێشکەوتنەکانی بازرگانی و پیشەسازی سەرمایەدارانی مۆدێرن. دەسەڵاتی بەریتانیای تۆماس مۆر، سەرەڕای دانیشتوانی کەمی، بە رابەرایەتی پادشای لاو هنری هەشت تۆدۆر، لە زیادبون دابو. لەو پێکهاتە ئاڵۆز، توندوتیژو وێرانەی ئەورووپایەک کە بۆ دۆزینەوەی ئاماژەی واتایی نوێ بەهۆی بەگژداچونەوەی لەبەریەک هەڵوەشانی لەسەرخۆی یاسای سەدەکانی ناوەڕاست، نەوەیەک لە بیرمەندان

له دایک دەبن کە بەسەردەمی کۆنەوە لکاون و ناودەنرێن مرۆڤخواز (هیومانیستْ). دیارە ئەو بزاوتە پێش کەمێک، لەئیتالیای بارگاوی گەیشتە ئەورووپای باکورو دوو هاوڕێ هەڵسوڕێنەری بون: «ئیراسم» لە رۆتردام و تۆماس مۆری دوازدە ساڵ لەو بچوکتر.

## تاریفکردنی ئەقڵ پێش تاریفکردنی شێتی

ئیراسم و مۆر هاوڕێن. زۆربەی گفتوگۆکانی «لوسین سامۆسیتْ»یان لە یۆنانیەوە گۆڕیووە بۆ لاتینی. بەهۆی جیاوازی تەمەن، ئیراسم، مۆری بە (هاوڕێی دڵسۆز)ی خۆی قبوڵکردووە، لەکاتی بڵاوکردنەوەی (1511) کتێبی «تاریفکردنی شێتی «ەکەی پێشکەش دەکاتْ. ئەو کتێبەی ئیراسم بە سەرکەوتنێک دادەنرێتْ، کە بە تەنزو نوکتە ئاخنراوە. پاشان ئیراسم کە نوقمی وەرگێڕانی «سەردەمی نوێ»یە، دەرفەتْ ناهێنێتْ و وەک پێشبینی کردبو، لەگەڵ تۆماس مۆر درێژە بە نوسینی باقی کتێبی ناوبراو دەداتْ. کەوایە هاوڕێیەکەی ناچار دەکاتْ بەرهەمێکی ئەدەبی دوو بەشی «تاریفکردنی ئەقڵ» بنوسێتْ. بەڵام دەکرێتْ لەکوێی ئەم جیهانە ئەقڵ بدۆزیەوە؟ وەڵام یۆتۆپیا. لە ئاکامدا راگەیەنراوێکی سیاسی هزری هیۆمانیستی ناوەند نوێ ئەو ناونیشانەی بە تەوێڵەوەیە، کە تۆماس مۆری لاو لە ساڵی 1514 دەینوسێتْ. دوورگـەی یۆتۆپیا سەرەتا ناودەنرێتْ «شاری ئاواتْ». بەڵام مۆریش ئەوکاتە سەری خۆی پێ ناخورێتْ: ساڵی 1513 سزانامەی لە دژی «ریچاردی سێیەمی یۆرک» بۆ بەرگری لەشای لاو هنری هەشتْ داناوە کە لەبەرگی یەکەمی یۆتۆپیا کاریگەریەکانی بینراون. لەئەنجامدا بەرنامەکەی بۆ ماوەیەک دوادەکەوێتْ. سەرەنجام ئەو بەرهەمە لە ساڵی 1516 هاوکاتی «میری ماکیاڤیلی»، بەناوی دوروودرێژی « کۆمار

و دوورگەی تازە دۆزراوەی یۆتۆپیا باشترین دەوڵەتە، کتێبێکی پڕبایەخ و هاوکات پەندئامێزو سەرنجڕاکێش». (ناونیشانەکە بە یۆنانییە).

**یۆتۆپیا (Utopia)، وشە و چەمک**

بەمەش شاری ئاوات کرا بە یۆتۆپیا. ئەو دەربازە لەزمانی لاتینی بۆ یۆنانی، یان دەرباز لەوشەیەکی نوێی رەگ لاتینی بۆ وشەیەکی تازەی رەگ یۆنانی دەکرێت بەسەرنجدان بەخەباتی هیۆمانیستەکانی ئەوکاتە بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلف بای یۆنانی باشتر ئێی بگەی، کە بۆخۆی بەزیوی سکولاستیک بو. وشە لەپێشگری نەرێنی «ou–» و رەگی «tops» پێکهاتووە (کە لەیۆنانیدا واتە «گەڕەک»، «جێگا»، «شوێن» و لە لاتینی بۆ «locus» و جاروبار «sites» گۆڕاوە). وشەی «utopia» بەپێی بابەت، بەزۆرجۆر وەرگێڕدراوە: (هیچ شوێنێک)، «نادیار» و «شوێنێک لە هیچ شوێنێک». مۆر وەک هەر مۆرڤ خوازێکی یۆنانی سەردەمی رێنیسانس، گەمە بە وشەو شاراوەییەکانی بیرمەندان: کەوایە یاری بە وشە لێکچووە دەنگ دارەکانی «utopia» و «eutopia» دەکات. لە راستیدا لە زمانی یۆنانی پێشگری «eu–» بە چەمکی «ئەوەی باشە» دەبێت. کەوایە «utopia»، یەک «eutopia»یشە واتا «شوێن»، «شوێنی باش» واتا «جێگەی لێکنێگەیشتن و کامەران»یش دەبێت.

ئەفراندنی وشە بەهۆی مۆرەوە داهاتویەکی رەتنەکراوەی هەیە چونکە ئەو وشەیە «utopia» لەئێستادا بەگشتی بەکار نابرێت. ئەمڕۆ سیفەتی «utopia» هەموشتێکی خەیاڵی و نەدۆزراوەیە و نامومکین بەکاردەبرێت. لە فەرهەنگی ناسراوی پیتی رۆبێر (le Petit Robert) ماناکانی «وەهم، سەراب، خەون و خەیاڵپڵاوی» لە بەردەم دەروازەی ئەو وشەیە بەرچاو

دەکەون. بەڵام ئەو وشەیە لە نوسینەکانی مۆردا هەرچەند بە ئێگەیشتنی شتێکی خەیاڵییە، بەڵام «نەدۆزراوە» نابێت. دانیشتوانی دوورگەی ئایدیالی جێ وەسفی «ڕەفائێل هیتلودە»، لە ڕوانگەی سروشتەوە لە ئینگلیزیەکەی ئەو سەردەمە جیاواز نیین. پێکهاتە و خوڵقوخۆ و ئەخلاقییان جیایان دەکاتەوە.

### دوورگەیەکی دەستکردی سنور لە جیهانی ڕاستەقینە

کەوایە یۆتۆپیا «utopia» دوورگەیەکی نەناسراوە. «ڕەفائێل هیتلۆدە» بە تەومژاوی باسی پێگەی جوگرافی ئەو وڵاتە دەکات: ئەو وڵاتە کەوتۆتە نیوە ئۆپی باشورەوە. لەوە زیاتر زانیاری نابێت. بەڵام گریمانە دەکات ئەو دوورگەیە لەکاتی ناسینی، بە ڕاستی هەیە. یۆتۆپیای مۆر بەپێچەوانەی خەیاڵی بون لە کات و شوێنێکی دیکە نییە: بەم شێوەیە لە «ئەتڵانتاید»ی ئەفلاتونی (دوورگەیەکی ئەفسانەییە کە بەگوێرەی ئەفلاتون پێش 9000 ساڵ لە ئۆقیانوسی ئەتڵەس هەبووە)، ئەو شارە ئەفسانەیەکی ونبووە لە ڕابردوی بابوباپیران یان «شاری خوا»ی ئۆگۆستینی لە جیاتی سەرمەشقی سیاسی هەرحکومەتێکی مەسیحی جیاواز دەبێت، کە نابێت لە داهاتودا ببێتە ڕاستەقینە. لێرەدا پەیوەندیمان بەوێنایەکەوە هەیە کە لەجیهانی ڕاستەقینەدا جێی هەیە، گەرچی ئەو جیهانە ڕاستەقینە دوورە دەستە. لە ڕاستیدا (Utopus) بنیاتنەرو فریادڕەسی بڕینی پەیوەندی ئەو وڵاتە دەبێت بە باقی کیشوەرەکانەوە. «ڕەفائێل» لە بارەیەوە دەنوسێت: «بەپێی گێڕانەوەی پستڕاستکراوە و هەروەها ڕواڵەتی ناوچەکە، ئەو وڵاتە پێش ڕکێفکردنی «یوتۆپۆس» بە ئاو دەورە نەدرابو، کە بو بە پادشای و بەناوی خۆی ناودێری کرد.» ئەو ناوچەیە پێشتر ناوی «ئابراکاس» بووە و

بە باقی کیشوەرەکانەوە لکابو... دوای رکێفکردنی «یۆتۆپیا» بڕیاریدا بە تەنگەیەکی 15 میلی هەمو ئەو پەیوەندیانە ببڕێت کە ئەو وڵاتە بە وشکایی دەبەستێنەوە و لەهەمولایەکەوە بە دەریا دەورەی بدات. بەم شێوەیە تۆماس مۆر ناوەرۆکی دوورگە بونی ئەو وڵاتەی بە کراوەیی دەهێشتەوە، کە لەهەمو گێڕانەوەکانی یۆتۆپیاییدا هەبو: جودایی و داخراو لەپەیوەندی دەرەوە پێویستی شرۆڤەی کۆمەڵگایەکە کە بەهۆی بەرکەوتەی بە دەرەوە ئاڵودە و گومڕا نەکراو و لەئەنجامدا باشتر ئیدارە دەدرێن. سودێکی دیکەی دوورگـە بون لەگەڵ جێگرتنی بەسەرهاتەکە لەچوارچێوەی واقیعیەت، لێی دوورە. دەکرێت یۆتۆپیای تۆماس مۆر وەک نمونەیەکی ئایدیالی دوورگەیەکی تر (بەریتانیا) بێت کە وەک گێڕانەوە جیاجیاکان و دەربڕینی راشکاوانەی نوسەر ئێشوئازار بەدەست زیانەکانەوە دەکێشێت. بێگومان ئەو بەد بەختیانە دەرەنجامی شومی هەرزەیی مرۆڤایەتین کە، بەپێی داوەری تۆماس مۆر، چارەسەر نەکرێن: بە کورتی نوسینەکەی ئاخنراو بە باوەڕی نزیکەی گەشبینانەی توانای چاکسازی مرۆڤ و پێدانی توانای رزگاربون بە کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتییە، دیارە کە بەجۆرێکی دیکە ئیدارە بدرێن.

### کۆمەڵگای ئایدیالی

تەنانەت گەیشتن بە دوورگـە لە گێڕانەوەکانیشدا زەحمەتە بەشێوەیەک کە «رەفائێل هیتلودە» سـەرەڕای 5 ساڵ ژیانی لەوێ، (بە بڕیاری خۆی) گومان لە تاریفکردنی دەکات: ئەوکارە وەک، «گێڕانەوەی چیرۆکە بۆ ژمارەیەک کەڕ» یان «وڕێنەیە لەگەڵ شێتەکان». بەم حاڵە پاش پێداگری کەسایەتیەکی تری چیرۆکەکە واتە تۆماس مۆر دەدوێت. دوای کورتە مێژوویەک و وەسفێکی کەمی هەلومەرجەکانی سروشتی، خوێنەر

دەکەوێتە ڕەوتی کارەکە کە یۆتۆپیا «54 شاری گەورە و جوانی هەیە». زمان، یاسا، دابونەریت و دامەزراوەی کۆمەڵایەتی لە تەواووی شارەکاندا یەکسانن. هەمویان بە نەخشەیەک بنیاتنراون و دامەزراوە و تەلاری گشتی هاوشێوەیان هەیە کە دیارە هەندێجار بەپێی پابەندی ناوخۆیی کەمێک گۆڕاون: بەکورتی: هەرکەسێک شارێک بناسێت، خۆی لەخۆیدا ئاشنای هەلومەرجی باقی شارەکانی دیکەیە. ساڵانە هەر شارێک سێ کەسی بە تەمەن و ئەزموندار هەڵدەبژێرن و دەچنە سەنای «ئەمروت» (پایتەختی یۆتۆپیا کە لە زۆر ڕووەوە لە لەندە دەچێت. ناوەکەی لە وشەی یۆنانی amauros وەرگیراوە کە بە مانای تاریک و نوتەکە) تا مەسەلەکانی دوورگەکە شەنوکەو بکەن. ئەرکی سەرەکی دەسەڵاتی ناوەند، دابەشکردنی سەرچاوەکانە بە یەکسانی و پاشەکەوتە بۆ ئەو وەرزانـەی کە بەروبوم بەشی بە کاربردن ناکات. لە شارەکان و بە یەکسانی شوێنی چاندنی مادده پێویستەکانی بەکاربردن لەبەرچاو گیراوە. «ئۆردوی کرێکاران» پێکهاتو لە 40 پیاو و ژن و دوو کۆیلەی «بنەماڵەی جوتیار» پێکدێت کە بەنۆرە لە «ماڵە خۆشەکان» نیشتەجێ دەبن. «سەرۆکێکی خێزانەکان» سەرپەرشتی سێ خێزان دەکات. تۆماس مۆر بۆ ئەنجامدانی کاری قورسی کێڵگەکان خولێکی دووساڵەی سیستمی زۆرەملێیی کشتوکاڵی کردۆتەوە.

لە شارەکانیشدا ترسی یەکسانی یان باشترە بڵێین جۆرێک وەکیەکی جمک بە سادەیی بەرچاو دەکەوێت: دانیشتوانی یۆتۆپیا خاوەنداری تایبەتییان نەهێشتووە، تاکران بنەماکانی خاوەنداری گشتی پیادە دەکەن. هەمانکار بۆتە هۆی ناوبانگی تۆماس مۆر وەک نوسەرێک کە مژدەی سۆسیالیزمی داهاتو دەدات. یۆتۆپیایەکان بۆ لەناوبردنی هزری خاوەن داری رەهای تاکی هەر 10 ساڵ جارێک بە تیروپشک خانووەکانیان ئاڵوگۆڕ

دەکەن. ترسی نەهێشتنی خاوەنداری تایبەتی لای مۆر دەکرێت بە یادگاری کۆمۆنیزمی ئەفلاتونی دابنێی چونکە ئەفلاتون جێی ستایشێکی زۆری مۆر بو و دەکرێت کاریگەری بەسەرەیەوە هەبوبێت.

### لە یۆتۆپیادا کەس ناتوانێت گاڵتە بە عەشق بکات

بەڵام لێرەدا بەهۆی باوەڕە ئایینیەکانی تۆماس مۆر، بەپێچەوانەوەی کۆماری ئەفلاتون باسی سڕینەوەی خێزان و بێ بایەخ کردنی زەواج ناکرێت. بەپێی وەسفێک کە بۆتە دابونەریتی دوورگەکە، وادەردەکەوێت تەنانەت ئامانج، پتەو کردنی ئەو پەیوەندیەیە. زۆری تەونوبەستی ئابووری دوورگەکە وەک ئۆرگانیزەکردنێکی هاوشێوەیە لەخێزانێکی گەورەدا. خەڵکی یۆتۆپیا رێز لەخێزان دەگرن و بەرگری لێدەکەن. زینا یەکێک لەو دووسێ تاوانانەیە کە هێشتا بڕیاری لەسێدارەدان دەیانگرێتەوە: تاوانبار لە قۆناغی یەکەم بە توندی و بە بێگار (کۆیلەیی) سزا دراوە و پاشان ئەگەر دووبارەی بکاتەوە لەسێدارە دەدرێت. زیان لێکەوتوان مافی خۆیانە لەو هاوسەرە جیاببنەوە کە زینای کردووە، بەڵام ئەگەر بیانەوێت لای هاوسەرەکانیان بمێننەوە، دەبێت لەگەڵیان بەرگەی سزاکە بگرن و مل بۆ کاری زۆرەملێیی بدەن...

داوێن پاکی پێش زەواج زۆرەملێییە. ئەگەر بسەلمێنرێت کە تاکەکان پێش زەواج پەیوەندییان هەبووە، بەتوندی تەمبێ دەکرێن واتە هەرگیز مافی زەواجیان نییە (مەگەر بە لێبوردنی میر) و سەرۆکی خێزانێک کە تاوانەکەی دەرهەق کراوە، بەتاوانی چاودێری نەکردنی رەفتاری منداڵەکانیان بەدناو و ئابڕونکاو دەناسرێن. بەپێی لێدوانەکانی «رەفائێل» - وتەبێژە وەفادارەکەی تۆماس مۆر - گەرچی ئەو سزایانە زۆر توندن، بەڵام دەبێت بزانی کە لە یۆتۆپیادا، کەس ناتوانێت گاڵتە بە عەشق بکات. تابڵێی

پاساوی گێڕەرەوە لەم بارەیەوە ریزپەڕە: یۆتۆپیایەکان وادەزانن لەدۆخێکدا عەشقە زووتێپەڕو نابەردەوامەکان، بە دزێوو ناشیرین لەقەڵەم نەدەدران و ئەمێ نەدەکران، خۆشەویستی هاوسەرگیری کەسانێک بڕیاری لەناوبردنیان دەدرا، کە ئاکۆتایی، بە ناچاری بەیەکەوە بەرگەی هەزاران دژواری ژیانیان گرتووە. سەرەنجام دەبێت بۆی زیادبکەین کە لە یۆتۆپیادا بۆ چاودێری ئەو کارانە، پێش زەواج ئاقیکردنەوەیەکی ورد دەکرێت.

**ئەپیکوریانی تابلێی خۆپارێز**

یۆتۆپیایەکان، لە رووی هەستیاری بۆ دوو چین یان ئاقم دابەش دەبن. یەک، ئەوانەی دژی زەواجن و خۆ لە ژنان دەپارێزن. ئەوانەی راشکاوانە گیاخۆرن و بەوهیوایەی بەگرتنەبەری قەناعەت و خۆدزینەوە لە ئەواوی چێژە جەستەیی و هەستەکان، بەخششەکانی جیهانەکەی دیکەیان هەبێت. دووەم، ئەوانەن کە ژیانی هاوسەرگیری بەباشتر دەزانن. ئەوانە، هێندەی کۆمەڵی یەکەم باوەڕدارن، بەڵام پێیانوایە سروشت قەرزدار بووە، دەبێت منداڵەکان رادەستی نیشتمانی خۆیان بکاتەوە. بۆیە خۆ لەچێژی هەستەکان نادزنەوە دیارە کە نەبێتە کۆسپی ئەرکی سەرشان. لە راستیدا خەڵکی یۆتۆپیا لەم رووەوە زۆر لە «ئەپیکۆریەکان» نزیکن. بە وتەی رەفائێل، لە روانگەیانەوە، بەختەوەری لە هەر جۆرە چێژێکدا نییە، بەڵکو سەرچاوە لەچێژە ئابڕومەندو راستەکان دەگرێت کە سروشتی ئێمەی، بۆ رێنمایی دەکات. دەبێت خۆیان لەهەر جوڵەیەک بپارێزن کە لەداهاتودا، ئازار بەخۆیان یان هەرکەسێکی دیکە بگەیەنێت. لە ئەنجامدا کەس مل بۆ «فریوی لەخشنەبەری خواستەکان» نادات. کە کۆسپی چێژە ناڕاستەقینەکانی جەستەیە بۆ گەیشتن بە سەرچاوەی کامەرانی. هەروەها یۆتۆپیایەکان بەگرتنەبەری

مینۆدی هاوشێوە، لەخۆ شیککردن واتە ئەو جلوبەرگانەیان نەدەپۆشی کە لەخەڵک باشتر بێت. بەپێچەوانە، لە ژیانی تەرکە دنیایانەی یۆتۆپیا، بۆ چێژی دەرونی میوزیک هاندەدرێن، ئەو چێژانەی کە نزیکبونەوەش لێیان هیچ روداوێکی لێ ناکەوێتەوە.

### پێکەوە هەڵکردنی ئایینی

یۆتۆپیا، بەهۆی پێداگری دابونەریت، بەجێگەیاندنی ئەرکی ئایینی زیاتر بەیەکەوە هەڵدەکەن. ئەو رەفتارە لە کاردانەوەی «تۆماس مۆر» لەمەڕ هەڵکشانی ناکۆکی ئایینی دیتراوە: باسی ریفۆرم و کۆمەڵێک مشتومڕی پەیوەنداری کراوە. کەوایە ئایین لەیۆتۆپیادا، لەناوچەکان یان هەتا لە شارەکاندا فرە بووە، پێکەوە ژیاون. هەندێک مانگ دەپەرستن و هەندێکی دی رۆژ یان هەسارەی تر. بەڵام زۆرینەی دانیشتوانی یۆتۆپیا دژی بت پەرستی و لە ئەنجامدا تاک پەرستن: خوای تاکوتەنیا، گەورە و وەسف نەکراو کە ناوی دەنێن «بـاوک». کاتێک «رەفائێل هیتلۆدە» بۆیان باسی مەسیح دەکات، «بەپەیوەندیەکی دڵسۆزانە» بەرەوپیری ئەو ئیلهامە ئینجیلییە دەچن. هەندێک لەنزیکانی کەشیش «رەفائێل» لەئاویان هەڵدەکێشن، بەڵام دوای مردنیان، بەهۆی لاوازی «رەفائێل» یان هاو سەفەرەکەی لە کاری کەشیشی، نیوە مەسیحیدا ماونەتەوە. ئەو مینۆدەی تۆماس مۆر بۆ هاوردەکردنی مەسیحیەت بۆ یۆتۆپیا بەکاری دەبات، زۆر لە مینۆدی توندی سەپاندنی مەسیحیەت بەسەر خەڵکدا، «دنیای تازە» جیاوازە. کۆنترین دامەزراوەکانی یۆتۆپیا، ئەو دامەزراوانەن کە کەس، لەبەر ئایینەکەی بەتاوانبار دانانێن. هەڵنەکردن و دەمارگرژی لەو تاوانانەن کە سزاکەیان دوورخستنەوە یان بە کۆیلە کردنە. سەرباری ئایینێکی باشتر لە

یۆتۆپیادا هەیە کە (لە روانگەی رۆحانی و بنەما) زۆر لە مەسیحیەت نزیکە. خەڵک بەدیقەت و دەنگدانی نهێنی پۆستی کەشیشەکان، دیاری دەکەن و کەشیشێکی باڵادەست رابەریان دەکات. رۆڵی بنەماییان لە رەچاوکردنی دابونەریت و هەروەها پەروەردە و خوێندندا هەیە. هەرچەند رێ بە رەفتاری لادان نادەن، بەڵام دەسەڵاتی راونان و حوکمدانی تاوانبارانیان نییە. کەشیش مافی زەواجی هەبووە، لەناو نوخبەی کۆمەڵگا هاوسەرەکانیان دیاری دەکەن. ژنانی بە تەمەن و بێوەژن مافی بونە کەشیشیان هەبووە. لە کۆمەڵگای یۆتۆپیا پۆستی دادوەری لە کەشیشان بەرێزتر نەبووە و خاوەن پۆستە دادوەریەکانیش کەمە.

### تاقیگەی مۆدێرنێتەی کۆمەڵایەتی

«تۆماس مۆر» کەمتر باسی ناوەند و دامەزراوەکانی دەکرد و زیاتر جەختی لە ئەقڵی فەلسەفی، تایبەتمەندیەکان و دابونەریتی کامەرانی یۆتۆپیا دەکردەوە. کەسایەتی چیرۆکەکە «رەفائێل هیتلۆدە»ش لە ئەنجامگیری وتارەکەیدا دەڵێت هەوڵیداوە «ئەمجۆرە کۆمارە شرۆڤەو شی بکاتەوە»: تاکەجۆری حکومەتێک کە دەکرێت ناوبنرێت «کۆماری». بەوپێیە، لە راستیدا زۆربەی ئەوکەسانە بیر لەبەرژەوەندی خۆیان دەکەنەوە، کە باسی بەرژەوەندی گشتییان دەکرد. چارەسەری یۆتۆپیایەکان بۆ لەبەین بردنی ئەو لادانە لە کۆمارییدا، هەڵوەشاندنەوەی خاوەنداری تایبەتی نەک پارە و سامان کە لە واتاییدایە. بۆیە لە یۆتۆپیادا هەموان بە بەرژەوەندی گشتی رادەگەن، چونکە کەس هیچی نییە: کەوایە خاوەنداری تایبەتی و گشتی دەبن بەیەک. سەرباری لەو کۆمارە باشەدا، هەژار و گەدا ناویان لە کولەکەی تەریشدا نییە. هەمویان جۆرێک داهاتی خانەنشییان هەیە چونکە «هەموشتێک، چ بۆ ئەوانەی کە لە رابردو کاریان کردووە، ئێستا ناتوانن، چ ئەوانەی

ئێستا کاردەکەن، هەژمارکراوە». هەرچەند هزری لەبەین بردنی خاوەنداری تایبەتی و بونی خەڵکێکی تەرکە دنیا، لەسەردەمی زادەی سەرمایەداری، لەمەیدانی جوڵان لەدژی دەبێتە وەهمێک، بەڵام دەبێت لە بیرمان بێت کە رەفتاری دوورگەی ئایدیالی لە هەندێک لاوە مژدەی دەوڵەتێکی ئیدارەی مۆدێرن بو. دەکرێت تاکە دەوڵەتێکی بە توانای بەڕێوەبردنی راست پەیوەندی نێوان مرۆڤەکان بە ئەقڵانە رێکبخات: سەرەنجام فەلسەفەی سۆسیۆلۆجی «تۆماس مۆر»، جگە لەئەوە شتێکی دیکە نییە.

# بیۆگرافیای «تۆماس مۆر»

1478: له بەریتانیا له باوکێکی پارێزەر «مافناس»، لەدایکبووه.

1499: بەرکەوت به ئەراسما (Eras me).

1516: یۆتۆپیا.

1518: دەچێته خزمەتی هنری هەشتەم.

1490 تا 1492 له ماڵی جۆن مۆرتن، ئەسقوفی گەورەی کانتربۆری و سەرۆک وەزیران خزمەتکار بەکار بووه.

1525 تا 1532 وەک سەرۆک وەزیران دیاری کراوه.

1535: به زەندیقانی (هەڵگەڕانەوه له دیین) تۆمەتبار کراوه و به فەرمانی پادشا سەری له لەشی جیادەکەنەوه.

*- این مقاله در شماره ی ژوئن 2004 نشریه ی ادبی لیر (Lire) منتشر شده است.

http://asre-nou. net/1383/tir/29/m-t-more. html

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | سالی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | شۆرش مستەفا | | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | لوقمان رووف | | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | ڕێباز مستەفا | | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | مستەفا زاهیدی | | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | عەتا جەمالی | | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | عوسمان حەمە رەشید | | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و  شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێک نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێک نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن  شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن (بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێک نوسەر | | 2015 |
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو رووداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆلتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |